# ئالەنگارییە ژینگەییەکان و توانای دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەیاندا•



| |
|---|
| نیاز جلال حمد |
| قوتابی ماستەر، بەشی سیستەمە سیاسیەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان/عێراق |
| nyaz.hamad@su.edu.krd |
| پ. ی. د. شمال حسين مصطفى |
| بەشی سیستەمە سیاسیەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان/عێراق |
| shamal.mustafa@su.edu.krd |





| | | |
|---|---|---|
| ID No. 180 | Received: 19/07/2024 | وشەکلیلیەکان: |
| (PP 106 - 132) | Accepted: 29/09/2025 | گۆڕانی کەشوهەوا، هەرێمی کوردستان، ستراتیج، مەترسیە ژینگەییەکان |
| https://doi.org/10.21271/zjlp.24.41.5 | Published: 15/02/2026 | |




## پوختە

ئەم تویژینەوەیە بایەخی ژینگە وەک لایەنێکی گرنگی مرۆیی و سیاسی لەهەڵسەنگاندنی حکومداری لەهەرێمی کوردستان تاوتوێ دەکات. لێکۆڵینەوەکە بەشێویەکی سەرەکی ڕۆشنایی دەخاتە سەر بابەتە بنەڕەتیەکانی وەکو کار و بەرنامەکانی حکومەتی هەرێم لەئێستاو ڕابردوو هەروەها بەرنامەی داهاتوو لەبواری باشکردنی ژینگە و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیە ژینگەییەکان لەسەر بنەمای بەهەندوەرگرتنی بابەتی ژینگە لەسەر ئاستی حکومەت و تیشک خستنەسەر ئەو پرسە ژینگەییانەی کە پەراوێز خراون. بۆ ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن لەوەی بۆچی و چۆن بواری ژینگە گرنگە و بۆ پێویستە مەترسیەکانی ئەم سێکتەرە لای لێبکرێتەوە، تاکو ئاسایشی مرۆیی و سیاسی و کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان فەراهەم بکرێت و سەقامگیری مسۆگەربکرێ.


## پێشەکی

### یەکەم: دەروازەیەك بۆناساندنی بابەتی تویژینەوەکە:

ژینگە بە یەکێک لە دیارترین ئالەنگاریە جیهانیەکان دادەندرێت، بە شێوەیەك هەڕەشە لە سەقامگیری و ئاسایشی مرۆیی و خۆشگوزەرانی ئابوری کۆمەڵگاکان دەکات. کێشە ژینگەییەکان تەنها لە پانتاییەکی بەرتەسکی ناوخۆیی یان جوگرافی دا قەتیس نابێت، بەڵکو گۆڕاون بۆ پرسێک کە ڕەهەندە ستراتیژییەکانی تێکەڵ بە سیاسەت و ئابووری و گەشەسەندنی بەردەوام بووە.

• ئەم توێژینەوە هەڵێنجراوە لە نامەی ماستەر بە ناونیشانی (گۆڕانکاری کەشوهەوا و مەترسیە ژینگەییەکان، ستراتیژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەیان دا).

لەم چوارچێوەیەدا هەرێمی کوردستانی عێراق ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئالەنگاری ژینگەیی ئاڵۆز دەبێتەوە، لە کەمی ئاو و گۆڕانی کەشوهەوا و سیاسەتی بەڕێوەبردن و کەمی ڕێژەیی سەوزایی تا دەگات بە زیادبوونی فشارەکان کە لەئەنجامی گەشەی دانیشتوان و فراوانبوونی کۆنترۆڵنەکراوی شارەکانەوە سەرهەڵدەدات. ئەم ئالەنگاریانە تەنیا لە لایەنی ژینگەییەوە سنووردار نین بەڵکو کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان هەیە، بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە تیشك خستنەسەر توانای دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانانە بەدیاردەکەوێت، شیکردنەوەی کاریگەری ستراتیژی و پلانەکانیان، هەروەها ئایا ئەم دامەزراوانە توانای داڕشتنی سیاسەتی ژینگەیی دروستیان هەیە کە بەشدارن لە کەمکردنەوەی مەترسیەکان و کردنەوەی ئاسۆی نوێ بۆ گەیشتن بە گەشەپێدانی بەردەوام. هەروەها ئەم توێژینەوەیە نەک هەر چاودێریکردنی سروشتی کێشە ژینگەییەکانە بەڵکو هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی کاریگەری ستراتیژییەکانی حکومەت و دۆزینەوەی خاڵە بەهێزو کەموکوڕیەکانی پێکهاتەی دامەزراوەیی حکومەتە، بەمەش ببێتە هۆی پەرەپێدانی دیدێکی ڕوونتر بۆ داهاتووی ژینگە لە هەرێمی کوردستاندا.

دووەم: گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بەقوڵی و وردی تیشکدەخاتە سەر ئەو مەترسیە ژینگەییانە کە لە کوردستان لە ئارادان یان پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا ڕووبدەن، هەروەها ئەو دۆخە دژوارەی کە بەهۆی گۆڕانی ئاو وهەوا ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بۆتەوە و دەبێتەوە. لێکۆڵینەوە لە توانای دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنیان کە تەنها لە لایەنی ژینگەییەوە سنووردار نابێت، بەڵکو ڕەهەندە سیاسی و ئابووری و ئەمنی و کۆمەڵایەتیەکانیش دەگرێتەوە، سەرەڕای ئەمەش هەڵسەنگاند دەکات لەسەر ڕاپەڕاندنی ئەرک و ئەدای دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندیدارن بەم بوارەوە. لەگەل ئەمەشدا توێژینەوەکە بەشدارە لە پڕکردنەوەی بۆشایی زانیاری لە توێژینەوە ئەکادیمییەکان سەبارەت بە کاریگەریی دامەزراوە حکومیەکان لە ناوچەکەدا لە بواری ژینگەدا،

سێ یەم: ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1- دەستنیشانکردنی ئاستەنگە سەرەکیە ژینگەییەکانی هەرێمی کوردستان، وەک کەمی ئاو، بەبیابانبوون، پیسبوون، دابەزینی ڕێژەی سەوزایی.
2- شیکردنەوەی ڕۆڵی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (وەزارەتەکان، دەزگاکان، و بەشە پەیوەندیدارەکان) لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی ژینگەیی.
3- هەڵسەنگاندنی کاریگەریە ستراتیژیەکانی حکومەت کە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ژینگە و توانایان بۆ بەدەستهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام پەسەندکراون.
4- دەستنیشانکردنی کەموکوڕی و ئالەنگاریە دامەزراوەیی (کارگێڕی، دارایی، یاسایی) کە ڕێگری لە چارەسەری ژینگەیی دەکەن.
5- پێشنیارکردنی چارەسەری کردەیی و ڕاسپاردە بۆ بەرزکردنەوەی کارایی دامەزراوەکانی هەرێم لە بەڕێوەبردنی پرسە ژینگەییەکان و هاوسەنگ بوون لەگەڵ ئەزموونە نێودەوڵەتیە سەرکەوتووەکان.

چوارەم: پرسیاری توێژینەوە:

ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی ستراتیژیانە پلان دابڕێژێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئالەنگاریەکانی گۆڕانی ئاو وهەوا و پرسەکانی ژینگە؟

**پێنجەم: گریمانەی توێژینەوە:**

گریمانەی ئەم توێژینەوەیە بریتی دەبێت لەوەی کە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ئالەنگاری ژینگەیی ئاڵۆز دەبنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا توانای ڕووبەڕووبوونەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پرسە ژینگەییەکان سنوردارە، ئەمەش وا دەکات ماژەکانی حکومەت بەس نەبن بۆ بەدەستهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام ئەگەر بەرنامەکانی چاکسازی و پلانی ستراتیژی درێژخایەن بەهێز نەکرێن.

**شەشەم: میتۆدی توێژینەوە:**

ئەم تویژینەوەیە تویژینەوەیەکی چۆنایەتیە، هەروەها پەیڕەوی (ڕێبازی وەسفی)مان کردووە بەهۆی ئەوەی کەبەوردی وەسفی ئەو دۆخ و دیاردانەمان کردووە کە لەبواری ئاو وهەوا و ژینگە لەسەر ئاستی جیهان و هەرێمی کوردستان لەئارادان. لەبارەی کوردستانەوە هەوڵمان داوە لەسەر بواری ژینگە زۆرترین زانیاری وەربگرین و شیان بکەینەوە تاکو بەباشی دۆخی ژینگە و ئەو کاریگەریانە لەسەر بوارەکانی تر دروستی دەکات ڕوون بکەینەوە.

**حەوتەم: پێکهاتەی توێژینەوە:**

ئەم تویژینەوەیە جگە لە پێشەکی و دەرئەنجام و ڕاسپاردە و لیستی سەرچاوەکان ، لە سێ تەوەر پێك دیت، لە تەوەری یەکەم تیشك دەخەینە سەر گۆڕانکاری کەشوهەوا لەجیهاندا. لە تەوەری دووەمدا باسی مەترسیە ژینگەییەکان و هۆکارەکانیان لە هەرێمی کوردستان دەکەین، لە کۆتاییدا و لە تەوەرەی سێیەم قسە لەسەر ئەرک و ئەدای دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی ژینگە لە هەرێمی کوردستان دەکەین، بۆ ئەمەش سنوری پارێزگای هەولێر بەنمونە وەرگیراوە.

## باسی یەکەم

## گۆڕانکاری کەشوهەوا لە جیهاندا

### تەوەری یەکەم

### چەمک و پێناسەی گۆڕانکاری ئاو و هەوا

زۆرجار تێکەڵی دەکرێت لەنێوان دوو جۆر زاراوەدا، ئەوانیش (Climate change) و(Weather) کە هەردووکیان بە (کەشوهەوا) ناودەبردرێن، پێویستە ئەمانە لەیەکتر جیابکرێنەوە، وشەی (Weather) بۆ گۆڕانی خێرای کەشوهەوا لەماوەیەکی کورت و لە ڕووبەرێکی بچوکدا بەکاردێت، وەک دەگوترێت کەشوهەوای بەیانی یان هەفتەی داهاتوو بەم جۆرە دەبێت ( گەرم، سارد، باراناوی یان ساماڵ.... هتد) دەبێت. بەڵام بۆ باسکردن و دیاریکردنی کەشوهەوا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ وشەی (Climate) بەکاردێت، بۆ نمونە کە دەگوتریت کەشوهەوای (٣٠) ساڵ لەمەوبەر بەم شێوەیە بووە، یان پێش ئەم ماوە زۆرە ئەو شوێنە بەفری زۆر لێ دەباری بەڵام ئێستا تووشی وشکایی و بێ ئاوی بووە، یان لەماوەی (٥٠) ساڵی ڕابردوو ئاو بەم ڕادەیە کەمی نەکردووە کە ببێتە هۆی کۆچکردن و چۆڵکردنی ئەو ناوچە(1).

(1) د. نەجمەددین نێروەیی، زانستێن ژینگەهێ-بەشێ ئێکێ، پەرتوکخانا بەدرخانییا، دهۆک، ٢٠٢٢، ل١١٥.

لەبارەی پێناسەی گۆرانکاری ئاو و هەوا جیاوازی هەیە لەسەردەمی کۆن و نوێ دا، ئەویش بە چەند هۆکارێکەوەیە:

پێناسەی کۆن بریتیە لە: ((گۆڕانی ئاشکرا لە ئاو وهەوای گۆی زەوی لەنێوان دوو ماوەی زەمەنی دوور و درێژدا کە (لاندسبێرگ) بە (١٠ هەزار تاکو یەک ملیۆن ساڵ) دیاریکردووە)). لەکاتێک دا پێناسەی نوێ بۆ گۆڕانی ئاو و هەوا بریتیە لە ((ڕوودانی زیادبوون یان کەمبوون لە پێکهاتەکانی بەرگی گازی لە ماوەیەکی دیاریکراو کە بەهۆی چالاکی مرۆڤەوە یان هۆکاری سروشتی ڕوودەدەن)). ئەگەر کورت تر و ڕوونتر تیشکی بخەینە سەر جیاوازیەکە ئەوەیە کە دەستەواژەی گۆڕانی ئاو و هەوا لەکۆندا گوزارشت بوو لەماوەیەکی زەمەنی درێژ، بەڵام چەمکی دەستەواژەی نوێی گۆڕانی کەشوهەوا گوزارشتە لە ماوەیەکی کورت. هەورەها لە کۆندا سروشت هۆکاری ئەم گۆڕانکاریانە بوو، بەڵام سەبارەت بەچەمکی نوێ بۆ گۆڕانی کەشوهەوا زۆربەی لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە تەنیا مرۆڤ و چالاکیەکانی مرۆڤ هۆکارن و سروشت ڕۆڵیکی ئەوتۆی نیە[1].

## تەوەری دووەم

## هەوڵە نێودەوڵەتیەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و ژینگە

گۆڕانی ئاو وهەوا نمونەیەکی زۆر دیاری ئاستەنگەکانی کۆمەڵگای جیهانی و مرۆڤایەتیە کە هەموو لایەک تیایدا هاوبەشن و ئەوە دەخوازێ گشت وڵاتان و ڕێکخراوە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان بە پیلیەوەبچن و شانی بدەنەبەر، تەنانەت ئەگەر (دووڵات یان دوو هاوپەیمانی، دوو بلۆک و جەمسەر)ی جیاواز و دژبەیەکیش بن لەهەموو لایەنێکەوە، بەڵام ناچارن ئالەنگاریەکانی گۆرانی ئاو وهەوا و کێشە ژینگەییەکان بەهەندوەرگرن و لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوە و کەمکردنەوەی ئەم مەترسیانە هاوکاری و هەمانگی لەگەڵ یەکتردا بکەن، ئەویش لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و مانەوەی ژینگەیەکی سەلامەت کە تەواوی جیهان و مرۆڤایەتی تیایدا هاوبەشن.

لەجیهاندا ساڵانە چەندین کۆبوونەوە و کۆنگرە و کۆنفرانس و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی لەم بوارەوە ئەنجام دەدرێن، لێرەدا هەوڵدەدەین ئاماژە بە گرنگترینیان بکەین:-

پرۆتۆکۆڵی مۆنتریال: لەسالی (١٩٨٧) لەلایەن (٣٦) وڵاتەوە مۆرکرا، مەبەست لێی پاراستنی چینی ئۆزۆن بوو[2].

کۆنفرانسی لوتکەی زەوی: لەساڵی (١٩٩٢) بەسەرپەرشتی (UN) ئەنجامدرا لە بەڕازیل، بە بەشداری (١٧٢) وڵات[3].

1. کۆنفرانس/ڕێککەوتننامەی کیۆتۆ بۆ کەشوهەوا: لەساڵی (١٩٩٧) لە(یابان) بە بەشداری (١٦٠) وڵات ئەنجامدرا[4].
2. لوتکەی جیهان: لەساڵی(٢٠٠٢) بە نوێنەرایەتی نزیکەی (٢٠٠) وڵات لە (باشوری ئەفریقا) بەسترا[5].
3. لوتکە نێۆیۆرک: کۆبوونەوەی لوتکە بوو لەسەر ئاستی (UN) لەساڵی (٢٠٠٧) بە بەشداری (١٥٠) وڵات ئەنجامدرا[6].
4. ڕێککەوتننامەی پاریس: لەساڵی (٢٠١٥) لە(پاریس) ئەنجامدرا بە بەشداری (١٩٠) وڵات، کە تیایدا(١٥٠) سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی وڵاتانی جیهان ئامادەبوون[1].

---

(1) د.هاوڕێ یاسین محمدامین، جوگرافیای ژیواری و ژینگەیی و کارەساتە ژینگەییەکان، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل١٩٨.

((2)) سەردار عەبدولڕەحمان، مەترسیە ژینگەییەکان، چاپی یەکەم، بەرهەمی پرۆژەی ئاگا، ٢٠٢٤، ل٩١.

(3) جميل قاسم عبدالله برواري، البيئة و خيارات المستقبل، الطبعة الأولى، دارة صحة محافظة دهوك، دهوك، ص١٢٩.

(4) سەردار عەبدولڕەحمان، بنەماکانی پاراستنی ژینگە، چاپی یەکەم، ناوەندی سارا، سلێمانی،٢٠٢٠، ل١٣٠.

(5) سەردار عەبدولڕەحمان، مەترسیە ژینگەییەکان، سەرچاوەی پیشوو، ل٩٢.

(6) سەردار عەبدولڕەحمان، بنەماکانی پاراستنی ژینگە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١.

5. لوتکەی گلاسکۆ بۆ گۆڕانی کەشوهەوا: لەساڵی (٢٠٢١) لەشاری (گلاسکۆ)ی سکۆتلاندا بەسترا بە بەشداری زیاتر لە (١١٠) وڵات[2].

جێی ئاماژەپێکردنە ئەوانەی لەسەرەوە خراونەتەڕوو بەشێکن لەکۆنگرە و ڕێککەوتننامەکان ئەگینا تەنیا لەساڵی (٢٠٠٥)ەوە تاکو ئیستا زیاتر لە (٢٥) کۆنگرە و کۆنفرانس لوتکە و ڕێکەوتننامە لەبارەی دۆخی کەشوهەوا و ڕووبەڕووبوونەوەی گرفت و ئالەنگاری و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان ئەنجامدراون[3].

لەبەرئەوەی (ئاو) ڕەگەزێکی گرنگی ئاو وهەوا و ژینگەیە وە زۆرێک لەگرفتە ژینگەیی و کەشوهەواییەکان لەگەڵ ئاو کاریگەرن لەسەریەکتر، جگە لەمانەش ئاو بۆەتە کێشەیەکی جیهانی و زۆرێک لە وڵاتان بەهۆی قەیرانی ئاوەوە دەناڵێنن، بۆیە زۆر دیدار و کۆنگرە و ڕێککەوتننامەی جیهانی تایبەت بە ئاو ئەنجامدراوە، لەوانەش تەنیا لەساڵانی (١٩٩٧ تاکو ٢٠١٨) هەشت دیدار و کۆنگرەی جیهانی لەبارەی ئاو گرێدراون کە مەبەست و ئامانج پاراستنی سامانی ئاو و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسیانەیە کە لەسەر ئاو هەن[4].

گرنگە ئاماژە بەوە بدرێ کە بەرژەوەندی وڵاتان بەتایبەت زلهیزەکان زیاتر زاڵە لەسەر دۆخی جیهانی لەبواری کەشوهەوا و ژینگە، نەک ئەوەی کە خەمخۆریەکی ڕاستەقینە بەدی بکرێ بۆ چارەسەریەکی هاوبەشی جیهانی لەپێناوی ڕێگریکردن لە تەشەنەسەندنی مەترسیەکانی سەر ژینگەی جیهانی و پاراستنی هەسارەی زەوی و تەندروستی مرۆڤ.

### تەوەری سێیەم/ تیۆری سەوز و ڕۆڵی لە بەجیهانیکردنی پرسی ژینگە

(ئیکۆلۆژیزم، ژینگەپارێزی، ئیکۆسیاسەت، سەوزەکان) کۆمەڵە زاراوەیەکی هاوشێوەن بەکاردەهێندرێن بۆ ئەو ڕەوتە هزری و بزوتنەوە و ڕێکخراوانەی کە داوای دووبارە ڕێکخستنەوەی ڕادیکاڵانەی کۆمەڵگا پیشەسازیەکانی ڕۆژئاوا دەکەن بەشێوەیەک کە لەگەڵ هاوسەنگی ژینگەدا بگونجێت. چالاکی و هەوڵەکانی ئیکۆلۆژیستەکان چ لەسەر ئاستی پارت یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تایبەت بە ژینگە لە ساڵانی هەفتاکانی سەدەی بیستەم لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا دروستبوون هۆکارن بۆ گەڵاڵەبوونی هۆشیاری زیاتر لەبارەی ئەو مەترسیانەی کەڕووبەڕووی زەوی دەبنەوە بەهۆی شێوازی بەرهەمهێنان و بەکارهێنان[5].

تیۆری سەوز وەکو هێزێکی سەرەکی سیاسی لەناوەڕاستی حەفتاکان و ساڵانی دواتری سەدەی (٢٠) لەچەندین وڵات دەرکەوت، مەبەستی سەرەکی ئەم تیۆرە بریتی نیە لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ کێشەکانی ژینگە، بەڵکو ئامانجەکەی بریتیە لە دۆزینەوەی ستراتیجیەتێک بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی مامەڵەی دروستی تاکەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ ژینگەدا. بیرمەندێک بە ناوی (ئیکەرسێلی Eckercely) پێی وایە کارەکتەری پێناسەکردنی تیۆری سەوز بریتیە لە (ئیکۆ سەنتەریزم Ecocentrism) واتا مافەکانی مرۆڤ زیاترنین لەمافی بوونەوەرەکانی تری سەر زەوی، بەم جۆرە سەوزەکان لەبەرامبەر (ئەنترۆپۆسەنتەریک Anthropocentric) کە مەبەست لێی (مرۆڤ-سەنتەر) یان

---

(1) سەردار عەبدولڕەحمان، مەترسیە ژینگەییەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥.
(2) هەمان سەرچاوە، ل٩٥.
(3) د. نەجمەددین نێرەویی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨.
(4) د. ئەیوب سابیر گەڵاڵی، قەیرانی ئاو شەڕێک لەبەر دەرگامان،چاپی یەکەم،چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٢٠، ل٢٤.
(5) د. سەنگەر مشیر، سەرەتایەک لەبارەی فکر و فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخەوە، چاپی دووەم، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٢١، ل١٦٠.

(مرۆڤ-چەق) دەوەستنەوە(1). بەکورتی تەوەری سەرەکی تیۆری سەوز بریتیە لە (ئیکۆمەرکەزی) یان باوەڕبوون بە (چەقبوونی ژینگە) نەک (مرۆڤ- چەق)[2].

داخوازی هزری ژینگەپارێزەکان بەپلەی یەکەم بریتیە لەدروستکردن و گێرانەوەی هاوسەنگی بۆ ژینگە، چونکە ئەم هاوسەنگیە بەهۆی گەشەی پیشەسازی تێکچووە، مەبەستیشیان لە هاوسەنگی ژینگەیی بریتیە لەبوونی سروشتێک کە دوور بێ لەو جۆرە دەستکاریانەی دەبنە هۆی شێواندنی. لەڕووی ڕەهەندە نێودەوڵەتیەکەوە لایەنگرانی ئەم تیۆر و بزووتنەوەیە پێیانوایە کە گەشەسەندنی پێشبڕکێی پیشەسازی و ئابوری و بازاڕی ڕۆژئاوا وڵاتانی جیهانی سێیەمی کردۆتە قوربانی[3].

ئەوان باوەڕیان وایە کێشە ژینگەییەکانی جیهان پێویستیان بەچارەسەری جیهانی هەیە، بۆ ئەمەش ئەم تیۆریە پێی وایە کە پێویست دەکات ئیمە تێگەیشتنی خۆمان دەربارەی (جیهانی بوون) پەرە پێبدەین وەک بنەمایەکی ڕێکخستنی جێگرەوە، هەروەها تادەکرێت بەدوای بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە سەوزەکان بگەڕێین نەوەک دەوڵەتان[4].

گرنگە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو شەپۆڵەی لەتیۆری سیاسەتی سەوز بەدیکرا زیاتر ڕەخنەیی بوو بەرامبەر سەرمایەداری ڕۆژئاوایی و کۆمۆنیزمی سۆڤیەتی، ئەویش بەهۆی بەپیشەسازیکردنی جیهان (هەر یەکەیان بە سیاسەت و شێوازی جیاواز) هەردوولایان لەپێشبڕکێ دابوون بەوەی سەرچاوە سروشتیەکانیان خستۆتە خزمەتی پەرەپێدانی تەکنەلۆجیا بەهۆی هەڵپەی گەشەسەندنی ئابوری خۆیان لەبەرامبەر ئەوەی تر، جگە لەمەش ئەوان لەململانێ دابوون بۆ کۆنترۆڵکردنی مرۆڤ و قۆرخکردنی سەرچاوە سروشتیەکان. لێرەدا تیۆری سیاسەتی سەوز دژی ئەو پێشکەوتنە ئابوریە وەستایەوە کە لەسەر حساب و زیانگەیاندن بێ بەسەرچاوە سروشتی و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان[5].

ئەوان جەخت لە هەبوونی دادپەروەری ژینگەیی دەکەنەوە ئەویش بەجێبەجێکردنی چەند خاڵێک بەدی دێ[6]:

1. پابەندبوون بەکۆمەڵگای ئاکاری بەهۆی هەستکردن بە مەترسیە ژینگەییەکان، وە ئەم پابەندبوونەش پێویستە هەموو لایەنەکان بگرێتەوە (خەڵک، هاوڵاتی، نەتەوەکان، تا دەگات بە نەوەی داهاتووش...).
2. بەشداری و ئاڵوگۆڕی ڕەخنەیی لەلایەن هاوڵاتیان و نوێنەرایەتی کۆمەڵگا گەورەکان لە هەموو بڕیارە ژینگەییەکان.
3. قەرەبووی لایەنە زیانلێکەوتووەکانی گرفتە ژینگەییەکان. وە هەندێ خاڵی تریش.

گۆڕانی ئاو وهەوا کێشەی باوی ژینگەیی ئەم ڕۆژگارەیە، تیۆری سەوز یارمەتیمان دەدات لە تێگەیشتن لەم مەترسیانە لە ڕوانگەی دەستگرتن بە بەها ئیکۆلۆجیە دوورمەوداکان نەوەک بەرژەوەندیە کورتمەوداکانی مرۆڤ و دەوڵەتان. تیۆری سەوز پێی وایە جەختکردنەوە لەسەر بەها و بژاردە مرۆییەکان لە کۆمەڵگاکاندا باشترە لەجەختکردنەوە و گرنگیدان بەئەنجامدانی ڕێککەوتننامە لەنێوان وڵاتاندا، هەروەها ئەم تیۆرە بۆ چارەسەرکردنی دۆخی کەشوهەوا جەخت لە

(1) پ.ی.د. پەرویز رەحیم قادر، ئاسایشی نەتەوەیی پاش جەنگی سارد و قوتابخانە نوێیە ئاسایشیەکان، وانەکانی کۆڕسی ماستەر، ساڵی203- 2024.
(2) کۆمەڵێک نوسەر، تیۆری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، و: شەوقی حوسێن، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی مێخەک، ٢٠١٩، ل١٩٥.
(3) د.سەنگەر مشیر، سەرچاوەی پێشوو،ل١٦١ و ١٦٢.
(4) کۆمەڵێک نوسەر، تیۆری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥.
(5) تیم دانی ، میلجا کورکی، تیۆری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان تایبەتمەندی و فرەرەهەندی، و: هێمن شەوکەت، چاپی یەکەم، سلێمانی،٢٠١٩، ل٤٩٤.
(6) هەمان سەرچاوە، ل٤٩٨.

کارکردنی هاوبەش لەنێوان دامەزراوە ئیداریەکانی جیهان و کۆمەڵگاکان (واتا بازدان بەسەر دەوڵەت) دەکاتەوە، تاکو سیستەمی ژینگەیی هەسارەی زەوی (کە بوونی مرۆڤ پێیەوە بەندە) بە هاوسەنگی ڕابگرێت[1].

بۆ ڕەواندنەوەی مەترسیەکان لەسەر ئاسایشی خۆراک و هەوا و ژینگە تیۆری سەوز داوای سنوردارکردنی گەشەی ئابوری بەشێوەیەکی فراوان دەکات لەپێناوی سنوردانان بۆ قەیرانە ژینگەییەکان چونکە سەوزەکان ڕایان وایە کە پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆجیا و ئابوری لەسەردەمی جیهانگیری پێشکەوتووی ئێستادا بوونەتە داینەمۆ و سەنتەری پیسبوونی ژینگە[2].

## باسی دووەم

## مەترسیە ژینگەییەکان و هۆکارەکانیان لە هەرێمی کوردستان

### تەوەری یەکەم

### مەترسیە ژینگەییەکان لە هەرێمی کوردستان

**یەکەم-کێشەی ئاو**

ئاو یەکێک لە ڕەگەزەکانی ژینگەیە و پێویستی سەرەکی ژیان و ژیاریە و سامانێکی گرنگی ئەوتۆیە کە وڵاتان لە هەوڵی فەراهەمکردن و گرەنتیکردنیدان بۆ داهاتوو، بۆیە جۆرەها ململانێی سیاسی و دیبلۆماسی و ئابوری خستۆتە نیوانیان و پێشبینی دەکرێت لەداهاتوودا بەریەککەوتنی گەرم و توندتری لێ بکەوێتەوە تا ئاستی جەنگی جیهانی.

چەمکی (ئاسایشی ئاو) بە واتای فەراهەمکردنی پێداویستیەکانی کۆمەڵگایە لە ئاو لەڕووی چۆنیەتی و چەندیەتی و پاراستنی بەرژەوندی سامانە ئاویەکان لەگەڵ بەردەوامبوونی بەبێ بوونی هیچ کاریگەریەکی نێگەتیڤ لەسەر سیستەمە ئیکۆلۆژیەکان، بەڵکو ببێتە هۆکارێک بۆ پاراستنی[3].

بەگوێرەی ڕێککەوتنامەکانی (جنێڤ ١٩٥٨) و (کاراکس ١٩٨٢) دەربارەی یاسای دەریاکان، ئاوەکان دابەشدەبنە سەر(دەریاکان، ڕوبارەکان، ئاوە ناوخۆییەکان، ڕێڕەوە ئاویەکان)[4].

هەرێمی کوردستان جگە لەوەی کەڕوبارە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان لەخۆدەگرێت، هەروەها خاوەنی ئاوی ژێر زەوی و کانیاوەکانە و ئەو ئاوە وەرزیانەی کە بەهۆی بارانەوە دروستدەبن. لەسەر بنەمای بوونی ئەم سەرچاوانەش پرۆژەکانی وەک (بەنداوی گەورە و بچوک و ماماوەند، پۆند، پرۆژەکانی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە، بیرە جۆراوجۆرەکان)بوونیان هەیە.

لەبارەی ئەو ڕووبارە گەورانەی کە دەکەونە هەرێمی کوردستان نێودەوڵەتین و سەرچاوەکانیان وڵاتانی دراوسێن، بەو واتایەی هەرێمی کوردستان لەم ڕووەوە ڕێژگەییە و خاوەنی سەرچاوەی دروستبوونی ڕوبارەکان نین بەڵکو ڕوباری پێداتێپەڕ دەبێ[5]. سیاسەتی گلدانەوەی ئاو لەلایەن هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا یەکێک لەو ئالەنگاریە گەورانەیە کە

---

(1) کۆمەڵێک نوسەر، تیۆری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩تا ٢٠٢.

(2) پ.ی.د.پەرویز ڕەحیم قادر، ئاسایشی نەتەوەیی پاش جەنگی سارد و قوتابخانە نوێیە ئاسایشیەکان،سەرچاوەی پێشوو.

(3) عەبدولموتەلیب ڕەفعەت سەرحەت، دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلیمانی، ژمارە (١١)، ساڵی (٢٠١١)، ل٣٣-٣٤.

(4) د. نجدت صبری ئاکرەیی، الاطار القانوني للأمن القومي- دراسة تحليلية، الطبعة الأولى، دار دجلة، الأردن/عمان، (٢٠١١)، ص٢١٨-٢٢٠.

(5) د. ئەیوب سابیر گەلالی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١.

ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە کە جگە لەئاوی خواردنەوە و کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی وزە، هەروەها سیستەمی سروشتیش دەکەوێتە بەرمەترسی بەتایبەت سیستەمی ژینگەیی[1].

بەکورتی مەترسی گەورە لەسەر ئاوی هەرێمی کوردستان هەیە و ڕووبارەکان لەبەردەم داچۆڕیندان بەهۆکارە سروشتی و ژینگەییەکان و ئەو سیاسەتە ئاوییەی کەوڵاتانی دراوسێ پەیڕەوی دەکەن[2].

هەرچی ئاوی ژێر زەویە بە سەرچاوەیەکی گرنگی دەرامەتە ئاوی‌یەکانی هەرێمی کوردستان دادەندرا، تائیستاش بەشی هەرەزۆری شار و شاروچکە و گوندەکان پشت بەسەرچاوەی ئاوی ژێر زەوی دەبەستن[3]. بێگومان ئەوەش یەکێکە لە هەڵە گەورە و ستراتیژیەکان، چونکە لەکاتێکدا کوردستان خاوەنی فرەیی سەرچاوەی ئاوە بە تایبەت ئاوی سەر زەوی کەچی سودی ئەوتۆی لێوەرنەگیراوە و بێویژدانانە کەوتوینەتە وێزەی ئەو سامانە گرنگ و بەنرخە، لەکاتێکدا پێویست بوو ئاوی ژێر زەوی دواسەرچاوە بێ بۆ بەکارهێنان.

لەم ساڵانەی دوایی چەند هەڕەشەیەکی نوێ لە بواری کەشوهەواوە هاتۆنەتە ئاراوە، کە ئەگەری هەیە کاریگەری فرە ڕەهەند و فرەلایەنی لێ بکەوێتەوە لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە بارەی ئاو ئەو مەترسیانەی کە دێنە پێشەوە بریتین لە (وشکەساڵی، کەمبوونەوەی پاشەکەوتی ئاو، بەفیڕۆدانی ئاو، دابەزینی ئاوی ژێرزەوی، سیاسەتی ئاوی وڵاتانی دراوسێ، کەمبوونەوەی ئاوی دیجلە و فورات، بەمەش مەترسی کۆچ لە ناوەراست و باشوری عیراق بەرەو هەرێمی کوردستان لە ئارادایە)[4].

هەروەها (پ.د.ئازاد محمدامین نەقشبەندی) ئاماژە بە (12) ڕاستی مەترسیدار و هەڕەشە ئامێز دەکات لە بارەی ئاو لە هەریمی کوردستان(5) لەوانەش (نەبوونی سیاسەتی بەڕێوەبردنی ئاو و نەبوونی پلانی تۆکمە و ستراتیژی و گۆڕانی کەشوهەوا، دابەزینی ئاوی ژێر زەوی و بەفیڕۆدان...هتد).

لەکۆی ئەمانەی لەبارەی ئاوەوە خرانەڕوو، دەکرێت لەئایندەیەکی نزیکدا قەیرانی ئاو ببێتە پرسێکی زۆر هەستیار و هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر وڵاتان و کۆمەڵگا و تەواوی ژینگە لەناوچەکەدا. لەم دۆخەدا چاوەڕوان دەکرێت زەحمەتی دەستکەوتنی ئاوی پێویست یەکێک بێ لە سەرەکیترین ئاریشەکانی ناوەراست و باشوری عێراق کە لە داهاتوێکی نزیکدا دەبێتە هەرەشەیەکی جدی. بێگومان ئەمەش کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت، بەو واتایەی هەرێمیش بەدەرنابێت لەم مەترسیە. بۆیە زۆر گرنگە کە سیاسەتی تەندروست و بەرنامە و پلانی تۆکمە و ستراتیجی لە ئیدارەدانی ئاو هەبێ کە تا مەودایەکی درێژخایەن ڕادەی پێویستی ئاو لەهەرێم مسۆگەر بکات.

---

(1) خالد سلێمان، گۆڕانی کەش لە کوردستان:ئالەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوە، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلیمانی، ژمارە (١١)، ساڵی (٢٠١١)، ل٥٣.

(2) پ.ی.د. خلیل کەریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی سیاسەتی ئاوی هاوسیکان و بێباکی هەرێم دا، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلیمانی، ژمارە (١١)، ساڵی (٢٠١١)، ل١١.

(3) د. ئەیوب سابیر گەلاڵی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩.

(4) د. پەروێز ڕەحیم قادر، ١٠ مەترسی سەرەکی بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٣ دا، ماڵپەڕی خانەی هزری کوردستان، ڕۆژی بڵاوکردنەوە (٢٠٢٣/١/٣٠)، https://www.penus.krd/archive/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/2063-2023-01-30-15-33-44 ڕۆژی سەردان (٢٠٢٥/٥/١٢).

(5) پ.د. ئازاد محەمەدئەمین نەقشبەندی،بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستا،لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی،هەولێر،٢٠٢١، ل٧-٩.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

**دووەم- پیسبوون**

**مەبەست لەپیسبوون پیسبوونی ڕەگەزەکانی ژینگەیە (ئاو، هەوا، خاک)، دەکرێ وەها پێناسەی پیسبوون بکەین کە بریتیە لە بوونی تەنی نامۆ لە ناوەندەکاندا بەرێژەیەکی زیاتر لەوەی کە ڕێگای پێدراوە، بۆ نمونە بوونی کلۆر لە ئاودا بەڕێژەی ڕێگاپێدراو پێویستە و پیسبوون نیە، بەڵام تێپەڕاندنی ڕێژەی ستانداردە ڕێگاپێدراوەکان دەبێتە پیسبوون، ئەمە بۆ هەوا و خاکیش ڕاستە کە بەجۆرەها تەن و ماددەی پیسکار پیس دەبن. لێرەدا دۆخ و ڕادەی پیسبوونی هەر یەکەیان لەهەرێمی کوردستان باس دەکەین:-**

**١-پیسبوونی هەوا: ئاشکرایە پیسبوونی هەوا مەترسیەکی ژینگەییە و ژینگەی هەوای هەرێمی کوردستانیش بەجۆرەها هۆکار تووشی پیسبوون و ناتەندروستبوون هاتووە، بەپێی توێژینەوە تەندروستیەکان پیسبوونی هەوا زۆرترین نەخۆش تووشی مرۆڤ دەکات[(1)].**

**وەک ئاماژەیەک بۆ بوونی دۆخی خراپی ژینگەی هەوای هەرێمی کوردستان، پ٣بەڕێوەبەری فەرمانگەی گۆڕانی کەشوهەوا لە دەستەی چاککردن و پاراستنی ژینگە دەڵێ: (چارەسەری بنەڕەتی پیسبوونی هەوا لەتەواوی هەریمی کوردستان تەنها بەو دەستەیە ناکریت، بەڵکو پەیوەندی بەهەموو سێکتەرێک و هەموو وەزارەتەکانەوە هەیە)[(2)].**

**لەلایەکی تر ئەو پرۆژە نەوتیانەی هەن بوونەتە هۆی پیسبوونی هەوا لەهەریمی کوردستان بەتایبەت لەپرۆسەی پاڵاوتن لەلایەن زۆربەی ئەو پاڵاوگانەی لەهەرێمی کوردستان کاردەکەن و پەیرەوی شێوازی ستاندارد و زانستی ناکەن، بۆیە دەبنە سەرچاوەی جۆرەها نەخۆشی مەترسیدار بەتایبەت (شێرپەنجە)(3). بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی (2023) ژمارەی ئەوانەی تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوون بریتین لە (9911) کەس لەو ژمارەیە (4304) لەشاری هەولێرن[(4)].**

**٢-پیسبوونی ئاو: ئاو کەهۆکاری ژیان و پێویستی سەرەکی مرۆڤە، کوالیتیەکەی تێکدەچێت بەهۆی ئەو پاشماوە زیانبەخشانەی کارگە و شوێنە پیشەسازیانەی کە بەهەر هۆکارێک بێ دەخرێنە سەرچاوەکانی ئاو وەک زێ و ڕوبار و کانیاوەکان، بەم جۆرە دەبنە هۆی دروستبوونی کاریگەری نەرێنی لەسەر زیندەوەرە ئاویەکان و سامانی ماسی و مرۆڤیش[(5)].**

**زۆربەی سەرچاوەکانی ئاو لەعیراق و هەرێمی کوردستان بە پاشماوەی (پیشەسازی، کشتوکاڵ، وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزە..... هتد) تووشی زیان دەبن، هەندێک جار ئەم زیانە تاڕادەیەکە کەئاوی ژێر زەویش دەگرێتەوە(6). بەنمونە سەرچاوەی ئاوی تانجەڕۆ و بەنداوی دەربەندیخان دیاردەی پیسبوون زۆر لێیان بەدی دەکرێت بەشێوەیەک کە**

---

**(1) پ.ی.د. صالح عمر عیسى ، د.پەرویز رحیم قادر، شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی هەرێمی کوردستا- عیراق لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لەدوای 2017، گۆڤاری قەڵای زانست، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، بەرگی (٦)، ژمارە (٣)، هاوینی (٢٠٢١)، ل٥١.**

**(2) ماڵپەڕی کوردیو، ڕێکخراوە ژینگەییەکان هۆشداری لە پیسی هەوای هەولێر دەدەن، ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، ڕۆژی بڵاوکردنەوە (٢٠٢٤/٧/٢١)، https://www.kurdiu.org/ku/b/557096 ، ڕۆژی سەردان (٢٠٢٥/٢/١٨).**

**(3) د.هیوا ڕەشید علی و پ.د.سەنگەرداود محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.**

**(4) ماڵپەڕی کورد یو، ڕێکخراوە ژینگەییەکان هۆشداری لە پیسی هەوای هەولێر دەدەن، (2024/7/21)، ڕێکخراوە ژینگەییەکان هۆشداری لە پیسی هەوای هەولێر دەدەن ، سەردان (2025/3/12).**

**(5) نەرمین عوسمان، مەترسیدارترین کێشە ژینگەییەکان، ماڵپەڕی ئاژانسی هەواڵی ژن (ژینها)، ڕۆژی بڵاوکردنەوە (٢٠٢٤/٨/١١)، https://jinhaagency.com/so/nwwsr/fg-44468 ، ڕۆژی سەردان (٢٠٢٥/٢/١٨).**

**(6) عەبدولموتەلیب ڕەفعەت سەرحەت، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.**

ناتواندرێت ڕاستەوخۆ بۆ خواردنەوە بەکاربهێندرێت چونکە کاریگەری خراپی بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ هەیە، سەرباری زیانگەیاندن بەکشتوکاڵ و ژینگەی زیندەوەرە ئاویەکانی ناوی[1].

لەهەرێمی کوردستان دیاردەی پیسبوونی ئاو بەهۆی نەوت هەیە، بۆنمونە زێی گەورە لە ناحیەی کەڵەک و ڕوباری سیروان لە دەربەندیخان، ئەویش لەکاتی گواستنەوەی نەوت بە تەنکەر و تووشبوونیان بە ڕووداوی هاتوچۆ و وەرگەڕانیان، یان ڕژانی ئەو پاشماوەیەی کە لەپاڵاوگەکان دەمێننەوە بۆ ناو ئەو ئاوانە کە بێگومان کارەساتی ژینگەیی دروستدەکات و دەبنە هۆی ژەهراوی بوونی زیندەوەرانی ئاوی و ئاژەڵ و مرۆڤیش دووچاری کێشەی تەندروستی دەکات کە لەم ئاوە دەخۆنەوە[2].

مەترسی نەوت و پێکهاتە و پاشماوەکانی پاڵاوتنی نەوت لەسەر سامانی ئاو زۆر گەورەیە، بۆ نمونە یەک دڵۆپ نەوت توانای پیسکردنی هەزار لیتر ئاوی هەیە، هەروەها ڕژانی کەمترین ڕێژەی نەوت بۆ ناو دەریاچەکان توانای بڵاوبوونەوەی هەیە بۆ 700کم بەدەوری خۆیدا[3].

٢- پیسبوونی خاک: زەوی بەزۆری بەهۆی پاشەڕۆی ماددە ڕەقەکانەوە تووشی پیسبوون دەبێت کە لەهەرێمی کوردستان ئەم جۆرە پاشەڕۆ ڕەقانە زیاتر خۆی دەبینێتەوە لە (زبڵ و خاشاک) کە پاشەڕۆی مالان و پاشەڕۆی کەرتی بیناسازی و پاشەڕۆی بازرگانی دەگرێتەوە و هەموویان زیانبەخشن، ڕیژەی ئەم پاشماوە و خاشاکانە زۆر لەڕادەی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان زیاترە کە بریتیە لە (6-7) هەزار تۆن لە رۆژیک دا. لەمەش خراپتر جۆر و پێکهاتەی ئەو پاشماوانەیە کە جیاوازە لەگەڵ ولاتانی تر چونکە (35%) بریتیە لە پلاستیک کەخراپترین و زیانبەخشترین مەترسی دروستدەکات لەسەر ژینگە و خاک، ڕێژەی (45-50%)ماددەی خۆراکین و (15-20%) پێکهاتەکانی ترن. ئەم شێوازەی لەناوبردن کە ئێستا لەهەرێمی کوردستان پەیرەو دەکرێت زۆربەی جار شێوازی بنخۆڵکردنە کە دەبێتە هۆی پیسبوونی ئەم ڕووبەرەی خاک و بەکەڵکی کشتوکاڵکردن و نیشتەجێبوون و هیچ کارێکی تر نایەت[4].

پیسبوونی خاک بەهۆی نەوتەوە وادەکات کە گۆڕانکاری لە تایبەتمەندیە سروشتیەکانی ئەم خاکە ڕوویدات و ناتواندرێت جارێکی تر بۆ کشتوکاڵ و داچاندن تەنانەت گژوگیای سروشتیش سودی لێوەربگیرێت. بەگشتی نەوت لەهەموو قۆناغەکانی پرۆسەی بەدواداگەرانی تا دەگات بەکارهێنانی کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر خاک(5).

خاک تووشی پیسبوون دێ بەهۆی زێدەڕۆییکردن لەبەکارهێنانی پەین و قڕکەرە کیمیاییەکان، ئەم بەکارهێنانەش لەهەرێمی کوردستان بەردەوام لەزیادبووندایە، ئەوەی جێگای مەترسیە بەشێک لەم پەین و مادانە ڕێگەپێدراونین و بەشێوازی قاچاخ دەهێندرێنە کوردستان[6].

(1) ئاشتی محەمەد سالح حەسەن قۆڵچی، ژینگە و هۆکارەکانی پیسبوون لە هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی،٢٠٢٥، ل٣٥.

(2) د. هیوا ڕەشید علی ، پ.د.سەنگەرداود محمد، ڕۆڵی یاسا لە پاراستنی ژینگە لە مەترسییەکانی پرۆژە نەوتیەکان، چاپی یەکەم، بلاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی، هەولێر، ٢٠٢٣، ل٤٣ و ٤٤.

(3) هیوا ڕەشید، پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکان لە هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتیبخانەی تەبایی، هەولێر،٢٠٢٣، ل١٥.

(4) ئاشتی محەمەد سالح حەسەن قۆڵچی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

(5) د.هیوا ڕەشید علی، پ.د.سەنگەرداود محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

(6) د.موحەمەدمەحمود سولەیمان، جوگرافیا و ژینگە، و:ئاسۆ وەهاب & رزگار فایەق، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی بەختیاری، باشوری کوردستان، ٢٠١٣، ل١٦٩.

لەسەر کۆی بابەتی پیسبوونی ڕەگەزەکانی ژینگە ئەوەی لەهەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت دۆخێکی نەخوازراو و مەترسیدار لەئارادایە، بەپێی دەرەنجامی هەندێ لێکۆڵینەوە وڵاتی عێراق لەڕووی پیسبوونی کەشوهەوا لەئاستی (10) وڵاتی جیهاندایە، لەچوارچێوەی عیراقیشدا پارێزگای هەولێر لەسەرەوەی هەمواندایە(1). دۆخی پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستانیش جێی دڵخۆشی نیە، ئەمەش بەو واتایە دێت کەدۆخی ژینگە لە کوردستان لەمەترسیەکی ڕاستەقینە دایە.

لەلایەکی تر لەم ساڵانەی دواییدا هەرێمی کوردستان ڕووی لەبەرهەمهێنانی نەوت کردووە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت زیاتر بیر لەلایەنە ئابوریەکەی کراوەتەوە و کەمتر حساب بۆ لێکەوتە و زیانەکانی کراوە، لەکاتێکدا پێویستە هەوڵی کەمکردنەوەی زیانەکانی بدرێت بەوەی ڕەچاوی ڕێگا و شیوازە زانستیەکان بکرێت لەکارکردن لەم بوارەدا، بەتایبەت ئەوەی کەرتی تایبەت ئەنجامی دەدات چاودێری توندی بخریتەسەر. هەروەها هەوڵی جدی بدرێت بۆ بەرلێگرتن و کەمکردنەوەی نەخۆشیەکانی کە لێکەوتەی ئەم پرۆسەیەن و هاوسەنگیەک لەنێوان سوودە داراییەکان و لایەنی تەندروستی مرۆیی و ژینگە ڕەچاوبکرێت.

سێیەم- بەبیابان بوون و کەمبوونەوەی ڕێژەی سەوزایی

خاک (soil- التربە) ئەو بەشەی سەرەوەی زەویە کە هەموو جیهان خۆراکی لێ بەدەستدێنی، هەرکات خاک تووشی بەبیابانبوون دەبێ ئەم بەشە نەرمەی زەوی تووشی داماڵین و بێ ئاوی و گۆڕانی پێکهاتە کیمیایی و فیزیاییەکەی دەبێ، بەم شێوەیە خاکەکە دەبێتە ڕووبەرێکی بێ سوود و بێ فەڕ[2].

ئەگەر بێینە سەر هەرێمی کوردستان ئەوا لەم مەترسیە بەدەرنیە و لەهەندێ ناوچەی گەرمیان ئەمە بەدیدەکرێت و هۆکارەکانیش بوونیان هەیە کە لەداهاتوودا بەبیابانبوون فراوانتربێ.

وەزارەتی ژینگەی عیراق ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم وڵاتە کەوتۆتە ناوجەرگەی کاریگەریە خراپەکانی سەر ژینگە، پێشبینی دەکات لە دوو دەیەی داهاتوودا ڕادەی بەبیابانبوون زۆر زیادبکات بەشیوەیەک کەعێراق شیاوی ژیان نەبێت(3). هەر لەمبارەیەوە (د.سەرمەد لەتیف -پسپۆر لەئاسایشی ئاو دەڵێ: (بەهۆی کاریگەریە سەختەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەری، عێراق ساڵانە 100هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی لەدەست دەدات)[4].

ڕێژەی سەوزایی و دارستانە سروشتی و دەستکردەکانی هەرێمی کوردستانیش لەدۆخێکی خراپ دایە، پێش (60-100) ساڵ لەمەوبەر ڕێگەی نێوان شاری هەولێر تا شارەدێی پردێ (ئاڵتون کوپری) پڕ لەدارستان و ڕەزوباخ بووە، هەروەها جۆرەها ئاژەڵی کێوی وەک مامز و کەروێشکی لێ دەژیا کەهەموویان بەیەکەوە سەرمایەیەکی گرنگی سروشتی و ژینگەیی بوون. هەروەها لەنێوان هەولێر و پیرمام لەبەر دارستانی چڕ و سەوزایی بەئاستەم ڕێگای هاتوچۆ هەبووە، کەچی ئێستا دەبینین ئەم ناوچانە وەک دەشتێکی ڕووتەنی لێهاتووە(5). لەمبارەیەوە چالاکوان و ڕێکخراوە ژینگەییەکان هۆشداری دەدەن، (مەعروف مجید- سەرۆکی ڕێکخراوی ئایندە بۆپاراستنی ژینگە لەهەرێمی کوردستان) دەڵێ: (بەپێی

---

(1) هەمان سەرچاوە.

(2) سەردار عبدالرحمن ابراهیم، گۆڕانکاریە ئاو و هەواییەکان کاریگەریان لەسەر ژینگە، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆفیا، کۆیە، ٢٠٢١، ل٩٠.

(3) سەفا خەلەف، قەیرانی ئاو و گۆڕانی کەش و هەوای عیراق هۆکاری کۆچ و ناکۆکی نێوخۆیی، و: بارام سوبحی،گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلیمانی، ژمارە (١١)، ساڵی (٢٠١١)، ل٧٤.

(4) د.سەرمەد لەتیف، پسپۆر لە ئاسایشی ئاو، بەرنامەی تەلەفزیۆنی knn، لینکی بەرنامە لە دیجیتال میدیای knn: https://www.facebook.com/share/v/16ssnWjQtG/?mibextid=wwXIfr ، ڕۆژی سەردان (٢٠٢٥/٦/١٢).

(5) پ.د.فرهاد حسن عزیز، ژینگەی و پیسبوونی ژینگە، ئەرک و چاپ: زانکۆی سلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٧، ل٤٢٣.

بەدواداچوونمان لەماوەی (10) ساڵی ڕابردوودا لەکۆی (2,500,000) دۆنم زەوی دارستان لەهەرێمی کوردستان، لە 50% ئەم ڕووبەرە بەهۆکاری جیاواز لەناوچوون[1].

بەم جۆرە دەردەکەوێت کە بەهۆکاری خراپی دۆخی ژینگە و کەمی ئاو لەناوچوونی ڕووبەری سەوزایی و دارستانەکان و خاکە بەپیتەکانی هەرێمی کوردستان لەسەرەتای تووشبوونن بەلەدەستدانی تایبەتمەندیەتی کشتوکاڵ، بەم جۆرەش ئاسایشی خۆراک دەکەوێتە بەرهەڕەشە.

چوارەم- وشکەساڵی

وشکەساڵی بەپلەی یەکەم بەهۆی کەمی ڕێژەی بارانبارین دروستدەبێت، ئەم ساڵ (2024-2025) لەهەرێمی کوردستان گەیشتە لوتکە و وشکەساڵیەکی توند دروستبووە کە بووە هۆی لەناوچوونی ڕێژەیەکی یەکجار زۆری دانەوێڵە بەتایبەت ئەو گەنم و جۆیەی کەبەشێوەی دێمی دادەچێندرێت و پشت بەباران دەبەستیت. سەرەڕای ئەوەش دەیان سەرچاوەی ئاوی وەک کانی و ڕوبارە وەرزیەکان وشکبوون و کەمبوونەوەی بەرچاو ڕوویدا لەڕێژەی ئاوی ڕوبار و زێیە هەمیشەیی و نێودەوڵەتیەکان لەعێراق و هەرێمی کوردستان. لەپاڵ ئەمانەشدا بەنداو و پۆندەکان یان وشکبوون یان بەڕێژەیەکی یەکجار زۆر ئاوەکەیان دابەزیوە و کەمی کردووە کە سەرچاوەی کشتوکاڵ و ئاوی خواردنەوە و ئاژەڵداری و کارەبان.

بەنداوی دوکان کە گەورەترین بەنداوی هەرێمی کوردستانە بەهۆی کەمبارانی و وشکەساڵی ئەمساڵ بەڕادەیەک ڕێژەی ئاوەکەی دابەزیوە کە لەماوەی (65) ساڵی هەموو تەمەنی بەنداوەکە ئەم دۆخە خراپەی بە خۆیەوە نەدیوە، بەراورد بەساڵی پار بەرێژەی (٦٠%) ئاوەکەی کەمکردووە. بەهەمان شێوە بەنداوی دەربەندیخان (٤٠%) ئاوەکەی کەمکردووە[2].

بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین ئەم ئامارانەی سەرەوە ئاستێکی مەترسیداری وشکەساڵی لەهەرێمی کوردستان پیشاندەدات کە ئاماژەی نەرێنین لەسەر دۆخی ئاو و ئاسایشی خۆرا ک، بەشێوەیەک جۆرەها لێکەوتەی تری ئابوری و کۆمەڵایەتی و بێکاری ...هتد دەبێت، بەتایبەت ئەگەر بێتو لەساڵانی داهاتوو ئەم دۆخەی بێ بارانی دووبارە بێتەوە یان ڕاددەی پێویستی باران نەبارێت.

تەوەری دووەم :هۆکارەکانی دروستبوونی مەترسیە ژینگەییکان لە هەرێمی کوردستان

لقی یەکەم -هۆکارە مرۆییەکان:- پێکدێن لە هۆکارە دەرەکیەکان و هۆکارە ناوخۆییەکان

یەکەم- هۆکارە دەرەکیەکان:-

1- سیاسەتی ئاوی وڵاتانی تورکیا و ئێران

یەکێک لەو گرفتانەی کەعێراق لەئێستا و ڕابردووشدا ڕووبەڕووی بۆتەوە بەکارهێنانی کارتی ئاوە بۆ دروستکردنی فشاری سیاسی و سەربازی و ئابوری لەلایەن هەردوو وڵاتی دراوسێ (ئێران و تورکیا)، چونکە ئەو زێ و ڕووبارە نێودەوڵەتیانەی کەعیراق پشتی پێ دەبەستێت و شادەماری ژیان و کشتوکاڵ و ئابوری دانیشتوانەکەیەتی سەرچاوەکانیان لەم وڵاتانەوەیە. هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لەوڵاتی عیراق هەمان دۆخی هەیە، ئەگەرچی یاسا و ڕێکەوتننامەی دوولایەنە و نێودەوڵەتی هەیە لەبارەی هەماهەنگی نێوان وڵاتان کە سەرچاوەی ئاوی هاوبەشیان هەیە، بەڵام هیچ یەک لەم دوو وڵاتە پابەندی نابن.

---

(1) ماڵپەڕی شارپرێس، نیوەی دارستانەکانی هەرێم لەناوچوون و هۆشداری لە کارەساتی ژینگەیی دەدرێت، ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، ڕۆژی بڵاوکردنەوە (٢٠٢٣/١٢/١)،
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=221919 ، ڕۆژی سەردان (٢٠٢٥/٤/٣٠).

(2) د. سەرمەد لەتیف، سەرچاوەی پێشوو.

لەساڵی (2017) (ڕەجەب تەیب ئەردۆغان) سەرۆک کۆماری تورکیا لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ (حیدر عەبادی) سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عیراق و شاندی یاوەری بەئاشکرا پێی گوتوون کە دان بەهیچ ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی دانانێت لەبارەی ئاوەوە. بەهەمان شێوە لەساڵی (2018) لە کۆنگرەیەکدا (عەباس عێراقچی) وەزیری دەرەوەی ئێران بەڕاشکاوی ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی ڕێگە لەدەرچوونی ڕووبارەکان دەگرێت و لەناو خاکی ئێراندا گلیاندەدەنەوە(1). ئەمەش مەترسیەکی زۆر گەورەیە لەسەر هەرێمی کوردستان لەکاتێکدا کە زۆربەی سەرچاوەی ئاوی زێ و ڕووبارەکانمان لەم دوو وڵاتەوە هەڵدەقوڵێن.

لەدەرەنجامی ئەم سیاسەتەدا دەبینین وڵاتی ئێران (27) بەنداوی لەسەر ئاوە هاوبەشەکان دروستکردووە، هەروەها ژمارەیەک تونێلی بۆ گواستنەوەی ئاوەکان دروستکردووە تاکو ئاو بگەیەنن بە ناوچە وشک و گەرمەسێرەکانی ناو وڵاتەکەی. بەهەمان شێوە تورکیاش سیاسەت و پلانی توندی پیادەکردووە، تەنیا لەسەر ڕووباری دیجلە (6) پڕۆژەی گەورەی دروستکردووە کە هەریەکەیان کۆمەڵێک بەنداو لەخۆدەگرێت، سەرەڕای پڕۆژە فراوانەکانی تریش کە دەکەونە چوارچێوەی پڕۆژەی گاپ و ..هتد[2].

2- شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری

بەدرێژایی مێژوو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەگمەن وابووە کە بۆ ماوەیەکی درێژ سەقامگیری سیاسی و سەربازی بەخۆیەوە ببینێ، هەرێمی کوردستان کەوتۆتە ناو جەرگەی ئەم شوێنە هەستیارە.

جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوە سەربازیەکان یەکێکە لەهۆکارەکانی وێرانکاری ژینگە و بەفیڕۆچوونی زۆربەی دەرامەتەکان و کاریگەری ترسناکی ژینگەیی لێ دروستدەبێ، ئەمە لەمیانەی ڕووبەڕووبوونەوەکانی بەعس دژی شۆڕشە کوردیەکان بە زەقی دەرکەوتووە، بەتایبەتی تێکدانی (٥٠٠٠) گوند و پڕۆسەکانی ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرکەوت[3].

ئەم جۆرەی پیسبوون دەگەڕێتەوە بۆ چەند قۆناغیکی شەرو ئاڵۆزی جیاواز لەهەرێمی کوردستان[4]:

أ/ سەرەتای ساڵانی (١٩٦٠) بەهۆی شەڕی نێوان ڕژێمی ئەوکاتەی عێراق و شۆڕشی ئەیلول.

ب/ لەساڵانی (١٩٨٠ تاکو ١٩٨٨) ئەو پیسبوونە گەیشتە ئەوپەڕی، بەهۆی شەڕی نیوان عێراق و ئێران کە زۆرترین بڕو ژمارەی مین و تەقەمەنی بەدوای خۆیدا جێهێشت.

دەرەنجام زیانی زۆر بەژینگەی گوندەکانی کوردستان و سروشتی ناوچە سنوریەکان کەوت، تاکو ئێستاش بەدەیان کێڵگەی مین وەک پاشماوەی ئەم شەڕە ماوە کەبەهۆیانەوە گوندەوار و ڕەوەندەکان ناتوانن بگەڕێنەوە زێدی خۆیان و سوود لە لەوەڕگاکان وەرگرن.

خراپترین لێکەوتەی ئەم شەڕە لەسەر ناوچەکانی کوردستان کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بوو لەساڵی (١٩٨٨)، کە وێڕای ئەوەی بووە هۆی گیانلەدەستدانی (٥٠٠٠) هاوڵاتی کوردی سڤیل، خاک و ژینگەی ناوچەکە بۆ ماوەیەکی درێژ تووشی پیسبوون بوو تا بەئێستاش دەگات ئاسەواری لەسەر ژینگە و تەندروستی بەرکەوتووانی ماوە[5].

(1) خالد سلێمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

(2) بەردیا ڕەوغەنی ، محەمەد فرشتەپور، هایدرۆپۆلەتیکی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنوربڕەکان بەرەو هاوکاری کردەیی؛ و موجاهید وهاب، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلیمانی، ژمارە (١١)، ساڵی (٢٠١١)، ل١١٧.

(3) پ.ی.د. ئەیوب ئەنوەر سماقەیی،ئابوری ژینگە، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، ٢٠١٩، ل٤٩ و٥٠.

(4) ئەتڵەسی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان- عیراق، لەلایەن دەزگای گشتی کاروباری مین دەرکراوە، ٢٠٢٢، ل١.

(5) پ.د. ئازاد محەمەدئەمین کاکەشێخ نەقشبەندی، جوگرافیای ژینگە، لەسەر ئەرکی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،٢٠١٧، ل١٦٧.

ج/ لەسالانی (١٩٩١ و ٢٠٠٣) بەهۆی ئۆپەڕاسیۆنی سەربازی وڵاتانی هاوپەیمانان دژی ڕژێمی ئەو کاتەی عێراق، کە بەجۆرەها شێواز بووە هۆی پیسبوونی ژینگە و خاکی هەرێمی کوردستان.

د/ پاش کۆتایی هاتنی شەڕی دژی داعش و ئازادکردنەوەی ناوچەکان لەساڵی (٢٠١٧)، تەقەمەنی زۆر لە بۆمبی دەستکردی چێندراو لەم ناوچانە جێهێڵدران، دەرەنجامی ئەمەش بریتی بوو لەجێهێشتنی لێکەوتەی گەورەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر ژینگەی بەشێکی هەرێمی کوردستان، چونکە ڕووبەرێکی فراوانی گوند و لەوەڕگا و چیا و گردەکان وەک شوێنی سەربازی مایەوە و بە ناوچەی قەدەغەکراو هەژماردەکرێن، بۆنمونە زنجیرە زۆرگ و چیای قەرەچووغ لەنزیک قەزای مەخمور کە لەوەرگایەکی بەهارەی یەکجار دەوڵەمەندە بۆ ئاژەڵدارانی گوندەکانی ئەم دەشتە فراوانە لەدەستدراوە.

لەبارەی شەڕی چەکداری نێوان پەکەکە و تورکیا (1) کە لەسەرەتای (٩٠)کان تاکو ئێستا ناوچەیەکی بەرفراوانی هەرێم بوەتە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری تورکیا و پەکەکە، بەم هۆیەوە سەدان گوند چۆڵکراون و ژینگەکەشی زیانی زۆری بەرکەوتووە بەهۆی بەکارهێنانی جۆرەها چەک و سەدان کێڵگەی مین و سوتاندن و بڕینی دارستانەکان* .

لە ئایاری (2021) حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەیاننامەی ناڕەزایی بە فەرمی حکومەتی تورکیای ئاگادارکردەوە لەبارەی داربڕین و شێواندنی سروشتی ئەم ناوچانەی هەرێمی کوردستان(3).

چالاکیە سەربازیەکان و شوێنەوارەکانی جەنگ و جێهیشتنی پاشماوەی سەربازی و مین و تەقەمەنی هۆکاری پیسبوونی ژینگەن، هەرخۆی جەنگەکان سەرچاوە ژینگەییەکان وێران دەکەن و زەویە کشتوکاڵیەکان لەپاش تەواوبوونی شەڕ و جەنگیش ناتواندرێت وەک پێویست سوودیان لێ وەربگیرێ(4).

بەگوێرەی ئەو ڕووپێویەی کە دەزگای مین لە ساڵانی (٢٠٠٤ تاکو ٢٠٠٦) ئەنجامیانداوە ڕووبەرێکی فراوانی خاکی هەرێمی کوردستان بەمین و تەقەمەنی دووچاری پیسبوون هاتوون کە پێکهاتووە لە (٧٧٦کم٢)، تاکو ئێستا لەم ڕووبەرە ( ٥٢٦کم٢) پاککراوەتەوە و (٢٥٠ کم٢) ماوە، هەروەها لەڕووی زیانی گیانی ئاماژەی بەوە کرد کە نزیکەی (٨٠٠٠) هاوڵاتی سڤیل بەهۆی مین و تەقەمەنی گیانیان لەدەستداوە و (٥٨٠٩) کەسیش کەمئەندامبوون، جگە لەوەی کە زیانی زۆر بەر کەرتەکانی (ئابووری، پەروەردە، گەشتوگوزار،کشتوکاڵ، ڕێگاوبان وهاتوچۆ) کەوتووە(5)

دەرەنجام ئەم کاریگەریە نەرێنیانە زۆر بەزەقی لەسەر هەرێمی کوردستان دەرکەوتوون، سەدان گوند چۆڵکراون و خەڵکەکەی وێڕای ئاوارەبوونیان ناتوانن سوود لەبەرهەمی زەوی و باخەکانیان ببینن، هەروەها لەهەموو ئەو قۆناغانەی کەلەسەرەوە ئاماژەیان پیکرا کەتیایاندا هەرێمی کوردستان گرژی بەخۆیەوە بینیوە تێبینی کراوە هەندێ جار لەلایەن دوژمنانەوە بەدەستی ئەنقەست ژینگە و دارستانە سروشتیەکان شێوێندراون و بڕدراونەتەوە یان سوتێندراون.

---

(1) سەردان بۆ دەزگای گشتی کاروباری مین و چاوپێکەوتنم لەگەڵ (علی محمدامین میران- بەڕێوەبەری گشتی کاروباری هونەری لە دەزگای گشتی کاروباری مین)، ڕێککەوتی (2025/6/25).

* وەک دەزگای گشتی کاروباری مین ئاماژەی ئاماژەی پێدەکەن، ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی پەکەکە دایە نەیانتوانیوە کاری ڕووپێوی و پاککردنەوەی بۆ ئەنجام بدەن، هەر بەم هۆیەوە لەلایەن دەزگای ناوبراو تۆمارنەکراوە و نەخراوەتە سەر نەخشە و چوارچێوەی پلانی کارکردنی ئەم دەزگایە، بەڵام ئاماژەیان پێدا کە ڕووبەری پیسبوو لەم ناوچەیە بە(٢٠تا ٣ کم٢) دەخەمڵێندرێ.

(3) ماڵپەڕی شارپرێس، نیوەی دارستانەکانی هەرێم لەناوچوون و هۆشداری لەکارەساتی ژینگەیی دەدرێت، (2023/12/1)، https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=221919 ، سەردان:(2024/4/30).

(4) د.هاورێ یاسین محمدامین، جوگرافیای ژیواری و ژینگەیی و کارەساتە ژینگەییەکان، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ل٣٤٦.

(5) علی محمدامین میران، چاوپێکەوتنی پێشوو.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

دووەم -هۆکارە ناوخۆییەکان:-

1- پڕۆژە نەوتیەکان

مەبەست لەپڕۆژەی نەوتی هەموو قۆناغەکانی (گەڕان، دۆزینەوە، هەڵکەندن، دەرهێنان، گواستنەوە، کۆگاکردن، دابەشکردن، فرۆشتن، پالاوتن، تا دەگاتە بەکارهێنان) دەگرێتەوە، هیچ یەکێک لەم پڕۆسە و قۆناغانە بەبێ زیان و پیسکردن لەسەر ژینگە تێناپەڕێت[1].

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسود وەرگرتن و وەبەرهێنان لەکەرتی وزە و نەوت زۆر کۆن نیە لەماوە (10-15) ساڵێک لەمەوبەر لەم بوارەدا دەستی بەکار و پڕۆژە کردووە. ئەوەی تێبینی دەکرێت شیوازی کارکردن لەم بوارەدا لەڕووی ژینگەییەوە زیانی زۆری گەیاندووە بەتایبەت پاڵاوگەکان. ژمارەیەکی بەرچاو پاڵاوگەی نەوتی لەهەرێمی کوردستان هەن کەهۆکارێکی سەرەکی پیسبوونی ژینگەن بەتایبەتی لەشاری هەولێر و دەوروبەری. دانیشتوان بەئاشکرا هەست بەبێزاری و بۆنی ناخۆش دەکەن، سەرەڕای زیانە تەندروستیەکان.

لەهەرێمی کوردستان (190) پاڵاوگە بوونیان هەیە کە هەندێکیان مۆڵەتی فەرمی کردنەوە و کارکردنیان نیە. ئەم پاڵاوگانە جۆرەها گرفتی ژینگەییان دروستکردووە لەبەردانی گازی ژەهراوی بۆ ناو هەوا بگرە تا دەگاتە ڕژانی جۆرەها پاشماوە بۆ ناو خاک و سەرچاوە و ڕێڕەوە ئاویەکان[2].

لەمبارەیەوە ڕێکخراوە ژینگەییەکان نیگەرانی زۆر لەو مەترسیانە دەردەبرن، سەرۆکی ڕێکخراوی ئاڤیاری ژینگەیی دەڵێ: (لەپێناوی دابەزاندنی ئەو زیانە ژینگەییانەی کەپاڵاوگەکان بەژینگەی دەگەیەنن بۆ نزمترین ئاست پێویستە لەکارکردندا ڕەچاوی مەرج و ڕێنماییە ژینگەییەکان بکەن وەک فلتەر و ئاراستەی با و حەوزی کۆنکرێت..هتد، کە لەچوارچێوەی پێوەری (EIA) دان)(3)، (EIA) واتا هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە چۆن ئەم پرۆژەیە کەمترین زیانی بۆ ژینگە هەبێ.

هەروەها سەرۆکی ڕێکخراوی ئایندەی ژینگەیی گلەیی ئەوە دەکات کەپاڵاوگەکان لەسەر زەوی کشتوکاڵی دادەمەزرێندرێن و بەشی زۆریان لەدەوروبەری شارەکان نزیکن و گازی جۆراوجۆری پیسکار دەخەنە ژینگە و هەواوە، بەمەش ژیانی مرۆڤیان خستۆتە مەترسیەوە[4].

شێوازی کارکردنی پاڵاوگەکان ماوەی چەند ساڵێکە بۆتە مایەی ناڕەزایی هاولاتیان بەهۆی ئەو زیان و بۆنە ناخۆشەی کە بڵاوی دەکەنەوە، بەتایبەت لەسەنتەری شاری هەولێر و دەوروبەری تا کار گەیشتە ئەوەی خودی سەرۆکی حکومەت هاتە ناوبابەتەکە و لیژنەی تایبەتی بۆ چاودێری و سزادانی سەرپێچیکاران پێکهێنا.

2- ئۆتۆمبێل و مۆلیدە

لەدوو دەیەی ڕابردوودا زۆربوونی بەلێشاوی هێنانی ئۆتۆمبێلی دەستی دووی بەکارهێندراوی ئەوروپی و ئەمریکی، پاشانیش لەگەڵ باشبوونی دۆخی گوزەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستان ئۆتۆمبێلی نوێی (سفر کم) ڕووی لەزیادبوون کرد. هەروەها بەهۆی بوونی کێشەی کەمی کارەبا لەهەرێمی کوردستان لەماوەی نزیکەی 30 ساڵی ڕابردوو مۆلیدە بووە جێگرەوە بۆدابینکردنی کارەبا، ئاشکرایە کەسەرچاوە ووزەی مۆلیدەکانیش سوتاندنی گازوایل و بەنزینە، بۆیە بوونەتە هۆی مەترسی بۆ سەر ژینگە بەتایبەت لەشار و شاروچکەکاندا.

(1) د. هیوا ڕەشید علی ، پ.د. سەنگەرداود محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.
(2) ئاشتی محەمەد سالح حەسەن قوڵچی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.
(3) چاوپێکەوتنم لەگەڵ (ئاسۆ شکاک) سەرۆکی ڕێکخراوی هۆشیاری ئاڤیاری ژینگەیی، ڕۆژی (٢٠٢٥/٤/٦) .
(4) پێگەی کوردیو، سەرچاوەی پیشوو.

لەمبارەیەوە (ئاسۆ شکاک) سەرۆکی ڕێکخراوی ئاڤیاری ژینگەیی دەڵێ: (زۆری ژمارەی ئۆتۆمبێلی تایبەت لەچاو ژمارەی دانیشتوان و لاوازی هۆکارەکانی هاتوچۆی گشتی، هۆکارەکەی هەم کەلتورە هەم کەمتەرخەمی حکومەت). هەروەها لەبارەی مۆلیدەکانەوە دەڵێ: (سەرەڕای ئەو مۆلیدانەی کارەبای ماڵان دابیندەکەن، مۆلیدەی فەرمانگە و کۆمپانیا و ماڵە بەرپرس و دەوڵەمەندەکانیش یەکجار زۆرە، دەڵێت: بەپێی بەدواداچوونمان گەڕەک هەیە لەهەولێر (350) مۆلیدەی مامناوەندی تایبەت بە ماڵان کە لە سەربان یان لەبەردەگا یان لەگۆرەپان و پارکی بەردەم ماڵان یان زەوی خزمەتگوزاری کە موڵکی گشتیە دانراون، کۆڵان هەیە 6 مۆلیدەی تایبەتی تێدایە)[1].

بەپێی ئامارێکی دەستەی چاککردن و پاراستنی ژینگەی حکومەتی هەریمی کوردستان ژمارەی ئەو مۆلیدە گەورانەی کە لە هەرێمی کوردستان کارەبا بۆ ماڵان دابین دەکەن بریتیە لە (5000) مۆلیدە، هاوکات ڕەنگە ژمارەیەکی زۆرتریش هەبن کە تۆمارنەکراون لەدەزگا پەیوەندیدارەکان، ئەم مۆلیدانە هۆکارن بۆ پیسبوونی ژینگەی کوردستان چونکە لەکارکردنیان دا چەندین گازی ژەهراوی دەردەدەنە هەواوە لەوانەش(دووانە ئۆکسیدی کاربۆن،یەکە ئۆکسیدی کاربۆن، ئۆکسیدەکانی گۆگرد، ئۆکسیدەکانی نایترۆجین)[2].

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە تاکو (2025/3/31) بەشێوەی فەرمی تۆمارکراون لەهەرێمی کوردستان بریتیە لە (2,508,909) وەک لە خشتەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە(3):

| جۆری ئۆتۆمبێل | گشتی | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | هەڵەبجە | گەرمیان | سۆران | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تایبەت | 0 | 975,674 | 430,326 | 194,867 | 300 | 0 | 0 | 1,601,167 |
| کرێ | 0 | 47,162 | 38,342 | 18,041 | 0 | 0 | 0 | 103,545 |
| بارهەڵگر | 0 | 261,928 | 180,664 | 57,542 | 6 | 0 | 0 | 518,340 |
| کشتوکالی | 0 | 15,062 | 28,094 | 5,409 | 2 | 0 | 0 | 48,567 |
| بیناسازی | 0 | 21,630 | 11,877 | 3,562 | 0 | 0 | 0 | 37,069 |
| فحس و کارتی زانیاری | 0 | 39,562 | 64,472 | 37,284 | 0 | 1,624 | 3,062 | 146,004 |
| میری | 32047 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 32,047 |
| مۆتۆڕسکیل | 982 | 10,253 | 10,885 | 50 | 0 | 0 | 0 | 22,170 |
| کۆی گشتی | 33029 | 1,371,271 | 764660 | 334,955 | 308 | 1,624 | 3,062 | 2,508,909 |

بەم جۆرە ئەم ژمارە زۆرەی مۆلیدە و ئۆتۆمبێل سەرەڕای دەرکردنی گازی ژەهراوی دەبنە سەرچاوەی دروستکردنی ژاوەژاو و پیسکردنی ژینگەی بیستن. هەروەها تێبینی کراوە بەشی هەرە زۆری ئەو مۆلیدانە ساڵانێکی زۆرە لەم شوێنانە دانراون کە لە نەخشەی ماستەرپلانی شارەکاندا تەرخانکراون بۆ پارک و باخچە و سەوزایی لەناو گەڕەکەکاندا، بۆ نمونە بەپێی وتەی (سەروەر وەیسی) بەرپرسی بەشی هۆشیاری و ڕاگەیاندن لەبەرێوەبەرایەتی پارک و پاخچەکانی هەولێر، تەنیا

(1) ئاسۆ شکاک، چاوپێکەوتنی پێشوو.
(2) ئاشتی محەمەد سالح حەسەن قۆڵچی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.
(3) سەردانکردنمان و وەرگرتنی زانیاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێم، ڕۆژی (٢٠٢٥/٦/١٦).

لەسەنتەری شاری هەولێر (٢٠٨) مۆلیدە لەسەر زەوی تایبەت بەخزمەتگوزاری پارک و سەوزایی داندراون[1]، کەواتا ئەمەش زیانێکە لەسەر حسابی ڕووبەڕی سەوزایی دەکەوێت و ڕەنگە ئەم شوێنە بەهۆی تێکەڵبوونی ڕۆن و سوتەمەنی بەخاکەکەی لەداهاتووشدا بەکەڵکی ڕواندنی هیچ درەخت و سەوزاییەک نەیەن.

3- پاشماوە و خاشاک

پاشماوە و خاشاک لەسەردەمی ئەمڕۆدا یەکێک لەکێشە سەرەکیەکانی وڵاتانە، بەتایبەت لەگەڵ پێشکەوتن و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و گەورەبوونی شارەکان ئەم گرفتەش گەورەتر و زیاتربووە، ئەگەرچی وڵاتە پێشکەوتووەکان تاڕادەیەک توانیویانە پاڵپشت بەڕێگای زانستی و تەرخانکردنی بودجەی پێویست باشتر هەڵسوکەوت بۆ چارەسەرکردنی ئەمە بکەن بەڵام لە وڵاتانی تر بەم شێوەیە نیە.

لەهەرێمی کوردستان بابەتی چارەسەرکردنی خاشاک و پاشماوە بەهەموو جۆرەکانیەوە گرفتێکی گەورەی ژینگەیی و سیمایەکی نەشیاوی بەخشیوە. لەکوردستان چەند جۆرێکی پاشماوە هەیە، لەخوارەوە دیارترینیان دەخەینە ڕوو:

أ/ زبڵ و خاشاکی ماڵان: (ئەگەرچی لەبەشی یەکەم لە پیسبوون باسکرا)، بەڵام لێرەدا گرنگە ئەوە بزانین کە بڕی زۆری خاشاکی ماڵان جێی هەڵوەستە و لەسەروەستانە لەلایەن حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار، چونکە ڕۆژانە خاکی ماڵان لەهەرێمی کوردستان بریتیە لە دوو هەزار تۆن[2].

ب/ پاشماوە پزیشکیەکان: خۆی دەبینێتەوە لەئاوی ئاوەڕۆی نەخۆشخانەکان و دامەزراوە پزیشکیەکان، کەبڕێکی زۆر میکرۆب و ماددەی کیمیایی مەترسیدار، هەروەها پاشماوەی دەرمان و مادده تیشکدەرەکان لەخۆدەگرێ، ترسناکترینیان ئەو پاشماوانەن کە لەچارەسەری نەخۆشی شێرپەنجەدا بەکاردێن[3].

ج/ پاشماوە بیناسازیەکان: لەپاش پرۆسەی ئازادی عیراق و باشبوونی دۆخی دارایی، شارەکان لەڕووی خانوو و بیناسازی بازرگانی و یەکەی نیشتەجێبوون زۆر بەخێرایی تەشەنەیان کرد، ئەمەش دەبێتە هۆی بەکارهێنانی زۆری سەرچاوە سروشتیەکان، هەروەها لەداهاتووشدا دەبێتە هۆی زۆربوونی پاشماوەی خانووبەرە چونکە بەشێکی زۆری ئەم فراوانی و ئاوەدانیەش بریتیە لە تێکدان و نۆژەنکردنەوە. پاشماوەی خانووبەرە لەهەموو وڵاتانی جیهاندا (30%) کۆی پاشماوە پێکدێنێ، کێشەی گەورەش چارەسەرکردنی ئەم پاشماوانەیە. لەهەرێمی کوردستان کەرتی خانووبەرە یەک لەسەر سێی قەبارەی وەبەرهێنان پێکدێنی، بەشی زۆی ئەم پاشماوانەش لەدەوروبەری ڕێگاوبانەکان بەدی دەکرێت کە بەهەڕەمەکی فڕێدراوە. ئەم پاشماوانە بە بەردەوامی لەزیادبووندان، ئەمەش وێڕای مەترسی ژینگەیی و تەندروستی دیمەنێکی نێگەتیف و شێواو دروستدەکەن لەدەوروبەر و دەروازەی شارەکان. لەچوارپێنج ساڵی ڕابردوو یەکێک لەهۆکارەکانی دروستبوونی لافاو لە شاری هەولێر کەزیانی زۆری ماددی و مرۆیی لێکەوتەوە بریتی بوو لەبوونی ئەم پاشماوانە کە لەسەر ڕێڕەوەکانی ئاوی باران کۆکرابوونەوە(4).

(1) پەیوەندی کردنمان بۆ وەرگرتنی زانیاری لە (سەروەر وەیسی) بەرپرسی بەشی هۆشیاری و ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی پارک و باخچەکانی هەولێر، ڕۆژی (٢٠٢٥/٦/٢٩).

(2) سەردانمان بۆ دەستەی پاراستن و چاکردنی ژینگە و چاوپێکەوتنمان لەگەڵ (ئازاد نوری عوڵا) بەڕێوەبەری کاروباری هونەری لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، (2025/2/18).

(3) د. موحەمەد مەحمود سولەیما، سەرچاوەی پێشو، ل٢٤٢.

(4) د. بەنگین مەسیح ئاودەل، مەترسیە ژینگەییەکان لە هەریمی کوردستان، ماڵپەڕی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ڕووداو، ڕۆژی بلاوکردنەوە (٢٠٢٢/١/٢)، https://rudawrc.net/sorani/article/metrsyie-jingeyiekan-le-heremi-kwrdstan ، ڕۆژی سەردان (٢٠٢٥/٢/١٨).

کەلتور یەکێکی ترە لەهۆکارەکانی زۆربوونی ئەم جۆرەی پاشماوە، بۆ نمونە دوای گفتوگۆکردنم لەگەڵ چەند خاوەن کۆمپانیا و نوسینگەیەکی کڕین و فرۆشتنی خانوبەرە (مکتب عقارات)، باسیان لەوەکرد کە خەڵک بەردەوام و بە زوویی حەز بەگۆڕینی شێواز و مۆدێل و نەخشە و ڕووکاری خانووەکانیان دەکەن بەجۆرێک ئەگەر خانوێک تەمەنی لە(7) ساڵ زیاتربێ بە کۆن هەژماردەکرێت و لەکڕین و فرۆشتندا بەهاکەی تەنیا بەنرخی زەویەکە دەخەملێندرێ. کەواتا تێکدان و نۆژەنکردنەوەی خانوو لە هەرێمی کوردستان بەردەوام لەزۆربووندایە و هاوتەریب پاشماوەش زیاتروزیاتر دەبێت.

د/ ئاوەڕۆ: هۆکارێکی تری پیسبوونی ژینگە و دروستبوونی نەخۆشیە، بەتایبەت ئاوەڕۆ کراوەکان سەرچاوەی جۆرەها میکرۆب و ڤایرۆسن. بۆ نمونە ئاوەڕۆکانی شاری سلێمانی کەزۆرێک لەپاشەڕۆی کشتوکاڵ و کارگەکان لەخۆدەگرێت، پاشان دەڕژێنە ناو ئاوی تانجەڕۆ و سیروان، لە دواییشدا تێکەڵی بەنداوی دەربەندیخان دەبن(1).

4- پەین و قڕکەرە کیمیایەکان

لەهەرێمی کوردستان ساڵانێکی زۆرە بەنزیکەیی هەموو بەرهەمێکی کشتوکاڵی پشت دەبەستێ بە پەین و گیراوەی کیمیایی بۆ مەبەستی زیادکردنی بەرهەم، ئەگەرچی ئەم زیادکردنە لەسەر حسابی کوالیتی و ڕادەی تەندروستبوونی بەرهەمەکەیە بۆ مرۆڤ، جگە لەو زیانە زۆرانەی کە لەئەنجامی بەکارهێنانی ئەم پەین و قڕکەرانە بە خاک و ژینگەی دەوروبەر دەگات.

ئەو مادده قڕکەرانەی کە بەکاردەهیندرێن بریتین لە (1500) جۆر کە بەگشتی (250)جۆر ژەهری کوشندە لەخۆدەگرن، هەروەها ڕێی تێدەچێت کەبەشێک لەم ژەهرانە لەڕێگای ڕەگی ڕووەکەکانەوە بچنە ناو زنجیرەی خۆراک و بنەهۆی نەخۆشیەکانی دەمار و شێرپەنجە هەورەها مردنیش[2].

لقی دووەم- هۆکارە سروشتیەکان:-

1- پلەی گەرمی

زۆرێک لەدیاردەکان و مەترسی و گرفتی ژینگەیی جیهانین و لەدەرەوەی ئیرادەی وڵاتێکدایە، یەکێک لەوانەش (قەتیسبوونی گەرمیە)، ئەمەش بە مانای بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی زەوی بەگشتی دێت. ئەم کاریگەریەش لەهەرێمی کوردستان بەزەقی هەستی پێدەکرێت، لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەی سروشتی ڕۆڵ دەبینێ لەدروستبوونی ئەم دیاردەیەدا، بەڵام لەپاڵ ئەوەدا هۆکارە مرۆییەکانیش بوونیان هەیە. مەترسی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە کۆمەڵێک لێکەوتەی ژینگەیی بەدوای خۆیدا دێنێ وەک (کەمبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی و زیادبوونی نەخۆشی ڕووەکی و ئاژەڵی، زیادبوونی نەخۆشی و مردنی مرۆڤ، هەروەها گۆڕانکاری تری ئاو وهەوایی و زۆری تریش)[3].

پلەی گەرما لەعێراقدا لەماوەی ساڵانی( 70)کانی سەدەی ڕابردووەوە یەک پلە بەرزبۆتەوە، بەمەش ڕاددەی دابارین لەدەیەکانی ڕابردووە (15-30%) لەکورتی داوە[4]. کەش و هەوای بەشی هەرە زۆری هەرێمی کوردستان لە ژێر کاریگەری ئاو و هەوای دەریای سپی ناوەڕاست دایە، لێکۆڵینەوەیەکی (ئینستیوتی ماساچوستز) لەساڵی (١٩٢٠) باس لەوە دەکات کەحەوزی دەریای سپی ناوەڕاست بەشێوەیەکی خێرا و بەرفراوان کەوتۆتە ژێرکاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا، تەوژمی گەرما لێی دەرناچێ و قەتیس بووە. بۆیە وەک ئەم توێژینەوەیە ئاماژەی پێکردووە مەزندە دەکرێت بەم هۆکارە لەسێ دەیەی داهاتوودا سنوری ئەم حەوزە (40-60%)ی ڕێژەی بارانبارین لەدەست بدات[5].

2- خۆڵبارین:

(1) بیتوێن سەعید محەمەد، زەوی لە مەترسی دایە، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیرو لاوان، ٢٠٢٠، ل ١٥٥.
(2) پ.ی. د. لطیف حاجی دارتاش، ژینگەی ڕووەک، چاپی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ل٢٦٢.
(3) سەردار عبدالرحمن ابراهیم، گۆڕانکاریە ئاو و هەواییەکان کاریگەریان لەسەر ژینگە،سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧ و ٧٨.
(4) هێما کەمال، سەرچاوەی پیشوو.
(5) خالد سلێمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧ و ٤٨.

ئەم دیاردەیە لەئەنجامی جوڵەی جیاوازی با لەڕووی خێرایی و ئاراستە و درێژی و کورتی کاتی ئەو ماوەیەی کە دەیخایەنێت، سەرەنجام بەرزبوونەوە و گواستنەوەی گەردوتۆزی ئەو خاکانەی کە وشک و داماڵدراون لێدەکەوێتەوە، بەتایبەت لەناوچە وشک و بیابانیەکاندا. بەم جۆرە زۆرێک لەو وڵات و شارانەی کەدەکەونە سەر هێڵی بیابانەکان ڕووبەڕووی ئەم دیاردە سروشتیە دەبنەوە[1].

بە پشتبەستنن بەم وەسفەی لەسەرەوە بۆ ئەم دیاردەیە کرا، هەڵکەوتەی جوگرافی هەرێمی کوردستان لەبارە بۆ ئەوەی دووچاری خۆلبارین ببێ، بەهۆی نزیکیمان لەبیابانەکانی عیراق و سعودیا، هەربۆیە ئەم دیاردەیە زۆرجار ڕووبەرووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە بەتایبەت لەم ساڵانەی دوایی کەڕێژەی بارانبارین کەمبۆتەوە، هەروەها لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکەش دۆخی گۆڕانی کەشوهەوا ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت بۆ زۆربوونی شەپۆلەکانی خۆڵبارین.

(قوباد تاڵەبانی) جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکورتە نوسینێکدا هۆشداری لەو زنجیرە شەپۆڵەی خۆڵبارین داوە کە ئەمساڵ (2025) ڕووی لەهەرێمی کوردستان کردووە و خۆی و حکومەت و تەواوی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەخاتە ژێر بەرپرسیاریەتی، هەروەها دان بەوە دادەنێ کە نەیانتوانیوە پرسی ژینگە وەک پێویست بەهەندوەربگرن و نەیانخستۆتە چوارچێوەی سیاسیەتی حکومەت و حزبەکەی خۆی (ی.ن.ک)[2].

لەکۆتایی ئەم بەشە ئەوە ڕووندەبێتەوە کەمەترسیە ژینگەییەکان لەهەرێمی کوردستان زۆر و جۆراو جۆرن، بەهەمان شێوە هۆکارەکانی دروستبوونیشیان بەسروشتی و مرۆییەوە بەناوخۆ و دەرەکیەوە زۆرن. وەک ئاماژەمان پێکرد لەئاستی باڵای حکومی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکانیش باس لەوەدەکرێت کەپێشبینیەکان مەترسیدارن، بۆیە گرنگە پلانی ستراتیجی و ئامادەکاری پێشوەختە لەلایەن حکومەتەوە گەڵاڵە کرابێت، بۆئەوەی هیچ نەبێ کاریگەریەکانی ئەم مەترسی و هۆکارەکانیان سنوردار و کەمبکرێنەوە.

## باسی سێیەم

## ئەرک و ئەدای دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی ژینگە لە هەرێمی کوردستان

بێگومان ژینگە فرەلایەنە و کاریگەری لەسەر زۆر بوار و سێکتەری تر دروستدەکات، بەهەمان شێوە زۆر بوار و سێکتەری تریش هەن کە کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر ژینگە هەیە، بۆیە بواری ژینگە لەوە فراوانتر و فرەڕەهەندترە کە ئەرکەکەی تەنیا لەئەستۆی خودی فەرمانگە و دەزگاکانی ژینگە بێت، لەبەرئەوە زۆرن ئەو لایەنە فەرمیانەی کە کار لەسەر ژینگە دەکەن [*] بۆ ئەمەش پاریزگای هەولێرمان بەنمونەوەرگرتووە بۆتەواوی هەرێمی کوردستان، بەو مانایەی کە پەیکەربەندی دامودەزگاکانی ژینگە لەپارێزگاکانی تریش بەهەمان شێوە یان بەبوونی جیاوازیەکی کەمەوەیە. لێرەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو دامودەزگایانەی کە بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ لەبواری ژینگە لەپاریزگای هەولێر کاردەکەن:-

(1) د.موحەمەد مەحمود سولەیما، سەرچاوەی پێشو، ل٢٠١.

(2) قوباد تاڵەبانی، مەترسیە ژینگەییەکان بەگشتی و خۆڵبارین بەتایبەتی، بڵاوکردنەوەی وتار لە هەژماری کەسی خۆی لە تۆڕی ئینستاگرام، https://www.instagram.com/accounts/login/ ، ڕۆژی سەردان (٢٠٢٥/٣/٩) .

[*] بۆ ئەم وردەکاریە پەیوەندی و چاوپێکەوتنی زۆرمان لەگەڵ کەسانی جیاواز لە فەرمانگە و دامودەزگاکان، هەورەها چالاکوانەکانی ڕێکخراوەکانی بواری ژینگە لەکوردستان کردووە (بە تایبەت پاریزەر ئاسۆ شکاک) سەرۆکی ڕێکخراوی ڕێکخراوی ئاڤیاری هۆشیاری ژینگەیی، ناوبراو خۆی و ڕێکخراوەکەشی ماوەیەکی زۆرە بەوردی کار و خزمەت لەم بوارە دەکەن و جێ پەنجە و کاریگەری بەرچاویان هەبووە و هەیە لەسنوری پارێزگای هەولێر، هەروەها زۆر چاوکراوە و ئاگادارن لە ئەرک و ئەدای ئەم فەرمانگە و دامودەزگا خزمەتگوزاریانەی حکومەت کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندیدارن بە ژینگە.

یەکەم/ ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە: ئەم ئەنجومەنە پاڵپشت بە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٨) / ماددەی هەشتەم[1]، لەسەر ئاستی پارێزگاکان پێکهێندراوە، کە(پارێزگار یان جێگرەکەی) سەرۆکایەتی دەکات. ئەرک و دەسەڵاتیان بریتیە لەبەدواداچوونی بریارەکان و ڕادەربرین لەسەر کێشە ژینگەییەکانی سنوری پارێزگا، هەروەها پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی دەوری بۆ سەرووی خۆی کەپێشنیار و ڕاسپاردەی تێدایە لەبارەی پرس و کێشە ژینگەییەکانی سنوری حکومەتە خۆجێیەکەی. لەئێستادا کارا نیە.

دووەم/ لیژنەی ژینگە و تەندروستی لە ئەنجومەنی پارێزگا: وەک ئاشکرایە کە ئەنجومەنی پارێزگا بە هەڵبژاردن لەناو جەماوەر لە هەر پارێزگایەک دیاریدەکرێت. لەناو ئەم ئەنجومەنە لیژنە بۆ هەر سێکتەرێک دروستدەکرێت وەک ئەوەی لەپەرلەمان پیادە دەکرێت، لەم چوارچێوەیەش لیژنەی ژینگە و تەندروستی هەیە کە یەکێک لەئەرکەکانیان بریتیە لەبەدواداچوون و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت و پێشنیار و پرۆژەبریار بە ئەنجونی پارێزگا لەبارەی پرس و کێشە ژینگەییەکان، تاکو ئەوانیش بەئەرکی خۆیان هەڵبستن و بڕیاردەربکەن هەروەها دەبێ دامودەزگای حکومەتە خۆجێیەکانیش پێوەی پابەندبن. (لە ئێستادا ئەم ئەنجومەنە بەهۆی بڕیاری دادگای فیدراڵی هەڵوەشاوەتەوە).

سییەم/ فەرمانگەی ژینگەی هەولێر: ئەم فەرمانگەیە لەڕووی کاروباری ڕۆتینی کارگێری فەرمانبەران سەر بە(دەستەی چاککردن پاراستنی ژینگە)یە، بەڵام لەڕووی کار و جێبەجێکردنی چالاکیە مەیدانیەکان لەژێر فەرمانی پارێزگای هەولێر دایە و بەهەماهەنگی لەگەڵ دامودەزگاکانی تری حکومەتی خۆجێیی ئەرکەکانی ڕادەپەڕێنێ. بەگشتی کاریان بریتیە لەچاودێری و مۆڵەت و ڕێگەپێدان بۆ هەر پرۆژە و باڵاخانە و کارگە و هەرشتێکی تر کاریگەری ژینگەیی دروستبکات، ئەویش خۆی دەبینێتەوە لەدیراسەکردنی ئەوەی کە ئەم پرۆژەیە تاچ ڕادەیەک زیان بەژینگە دەگەیەنێ، وە گونجاوی هەڵکەوتەی پرۆژەکە و زۆر شتی تر کە لیژنەی پسپۆر سەردانی مەیدانی دەکات و دوای دڵنیابوونەوە ئینجا مۆڵەتی پێدەدرێ کارەکانی ئەنجام بدات، سەرەڕای سەپاندنی مەرجی تەرخانکردنی (١٥- ٢٥%) ڕووبەری پرۆژەکە بۆ سەوزایی، ئەگەر جۆری پرۆژەکە و ڕووبەرکەی گونجاو نەبوو بۆ ئەوا پێویستە ڕوبەرێکی تر لەشوێنێکی تر سەوزبکات کە لیژنە بۆی دیاری بکات (کەڕەنگە زۆر دوور بێ لە شوێنی پرۆژەکە).

چوارەم/ بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری و ژینگەپارێزی: دوو بەڕێوەبەرایەتین و سەر بە وەزارەتی شارەوانین، یەکیان لەسنوری قەزای ناوەندە و ئەوەی تریان تایبەتە بەدەوروبەر. کاریان بریتیە لە کۆکردنەوە و گواستنەوە و چارەسەرکردنی زبڵ و خاشاک. لێرە سێ خاڵ جێی پرسیار و نیگەرانین:

1- پرۆسەی چارەسەرکردنی زبڵ و خاشاک تا ئێستا بەشێوەی کلاسیک دەکرێت کە تەنها بریتیە لە (بنخۆڵکردن) و پێی دەگوترێت (لاندفیل Landfill) کە ڕۆژانە بریتیە لە (٢٠٠٠ تەن)خاشاک. لەکاتێکدا بەهۆی زانستی پێشکەوتووی سەردەم لە زۆر وڵاتان دوای ئەم پرۆسەیە غازی لێ بەرهەمدەهێندرێت و لەڕێگای لولەی تایبەت دابەشدەکرێتەوە سەرماڵان.
2- ئەم پرۆسەیە کەرتی تایبەت ئەنجامی دەدات واتا ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لەڕێگای گرێبەست لەگەڵ کەرتی تایبەت ئەرکەکان ڕادەپەڕێنی. (هەندێک جار بەهۆی قەیرانی دارایی و نەبوونی بودجەی پێویست ئەم پرۆسەیە بەقەرز ئەنجامدەدرێ، ئەمەش جارجار دەبێتە هۆی دروستبوونی سستی لەپرۆسەی کۆکردنەوەی خاشاک).
3- تائێستا نەتواندراوە پرۆسەی ڕیسایکلین جێبەجێبکرێت کە ڕیگایەکی دۆستی ژینگەیە و لەهەمان کات سەرچاوەی داهاتیشە. (یەکێک لە هۆکارەکانیش ئەوەیە کە خاشاک لە هەرێمی کوردستان (٤٥-٥٠%) بریتیە لەماددەی خۆراکی[2] و لە ڕیسایکلین سودی لێ نابیندرێ).

(1) یاسای چاککردن و پاراستنی ژینگە ژمارە(٨)ی ساڵی (٢٠٠٨)، ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ژمارە (90)، چاپی یەکەم، ساڵی هەشتەم، (20008/8/11)، ل 1.
(2) ئاشتی محمد سالح حسن قۆڵچی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

پێنجەم/ بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پاڕکەکان: سەر بەوەزارەتی شارەوانیە و بەرپرسە لەزیادکردنی ڕووبەری سەوزایی لە سەنتەری شار لەڕێگای دروستکردن و خزمەتکردن و چاودێریکردنی پارک و باخچەکان، جێی باسە ژمارەی پاڕکەکانی ناو هەولێر بریتیە لە (١٩٤) باخچە و پاڕکی بچوک، هەروەها (٢٣) پاڕکی گەورە، سەرەڕای ئەو ڕووبەرانەی بەشێوازی جیاواز سەوزکراون بریتین لە (دورگە ناوەندیەکان و دارستان و پشتینەی سەوز و درەخت و سیاج) کۆی گشتی دەکاتە (644) پارچەی سەزایی[1].

شەشەم/ فەمانگەی پارکی سامی عبدالرحمان: لەبەر گەورەیی و فراوانی ڕووبەری ئەم پاڕکە کە جگەلەوەی سیمایەکی جوانی بەخشیوە و خەڵکێکی زۆر بۆ حەسانەوە سەردانی دەکەن، ڕۆڵێکی کارای هەیە لەزیادکردنی ڕێژەی ئۆکسجین و سەوزایی هەولێر، هەروەها بۆتە ژینگەی جۆرەها باڵندەی کێوی. بۆیە فەرمانگەیەک تایبەتکراوە بەخزمەت و ئیدارەدانی ئەم پاڕکە, ئەویش سەر بە وەزارەتی شارەوانیە.

حەفتەم/ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر: بەرپرسە لەدابینکردنی ئاوی هەولێر لەڕێگەی پڕۆژەکانی (ئیفراز یەک و دوو و سێ)[2] و (١٠٠٠) بیری ئیرتوازی، کاریان تەنیا لەسنوری بازنەی شەقامی (١٥٠م)یە، جگە لەمەش ئەرکی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە پاراستنی ژینگەی ئاوی خواردنەوەی ماڵانە، ئەویش بەردەوام لەڕێگەی تیمی گەڕۆکی شارەزا و تایبەت دڵنیا دەبنەوە لەپاکی و تەندروستی ئەو ئاوەی کە بۆ ماڵان دابیندەکرێت، ئەم بەڕێوەبەرایەتیەش سەر بە وەزارەتی شارەوانیە.

هەشتەم/ بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆی هەولێر: سەر بەوەزارەتی شارەوانیە و بەرپرسە لەو ئاوە قوڕسەی کە لەماڵانەوە دەردەچێ تا دەگاتە دەرەوەی شار، بێگومان ئەمەش لەڕێگای جۆگە و ئاوەڕۆی داخراوەوە دەکرێت، جگە لەمەش ئەرکیان پاکردنەوەی ئاوەڕۆکان و چاودێری کردنیانە بۆ ڕێگریکردن لە لافاو و کەمکردنەوەی مەترسیەکانی، بەتایبەتی بەهۆی ئەو فراوانبونە زۆرەی شاری هەولێر و تەختی ڕووبەری شارەکە بەردەوام لەوەرزی باران ئەم دیاردەیە ڕوودەدات.

نۆیەم/ بەڕێوەبەرایەتی پاوان و دارستانی هەولێر: سەر بەوەزارەتی کشتوکاڵە و ئەرکیان پاراستن و چارەسەرکردن و خزمەتکردنی دارستان و زیادکردنی ڕووبەری سەوزاییە لەدەرەوەی شارەکان، ئینجا ئەم دارستانانە چ دەستکرد یان سروشتی بن. ئەوەی جێی باسە ئەم بەڕیوەبەرایەتیە کارمەند و کرێکاری تایبەت بەخۆیان نیە کە بەشێوەی هەمیشەیی دامەزرابن، بەڵکو بۆ دەستی کار هەندێک کات پشت بەهاوکاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و لۆکاڵیەکان دەبەستن لەدابینکردنی دەستی کار بەشێوەی گرێبەستی کاتی.

جێی ئاماژەیە ئەم بەڕیوەبەرایەتیە لەبەر نەبوونی بودجەی پێویست چالاکی و کارەکانیان لاوازبووە و نەتواندراوە وەک پێویست ئەرکەکانیان ڕاپەڕێنن. لەئەنجامدا دەبینین ڕووبەری دارستانەکان بەرەو لاوازی چوە لەبەر خزمەتنەکردن و کێشەی کەمی ئاودان.

دەیەم/ بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری هەولێر: سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵە، ئەرکیان بریتیە لەدروستکردنی پۆند و بەنداو و پاراستنی ڕێڕەوە ئاویەکان. ئەم کارانەش بە سەرپەرشتی پارێزگا و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ ئەنجام دەدەن.

یازدەم/ بەڕێوەبەرایەتی ڤێتەرنەری هەولێر: سەر بە وەزارەتی کشتەکاڵە و کاریان چاودێری و پاراستنی تەندروستی ئاژەڵی بێلانە و باڵندە و ئاژەڵی کێویە، ئەویش لەڕێگای دایەنگە و بنکەی ڤێتەرنەری تایبەتمەند. بەڵام لەئێستادا بەهۆکاری لاوازی

(1) پەیوەندی کردنمان بۆ وەرگرتنی زانیاری لە (سەروەر وەیسی) بەرپرسی بەشی هۆشیاری و ڕاگەیاندن لە بەرێوەبەرایەتی پارک و پاخچەکانی هەولێر، ڕۆژی (٢٠٢٥/٦/٢٩).

(2) شایانی ئاماژەپێدانە لەگەڵ خستنەگەری پڕۆژەی فریاگوزاری ئاوی هەولێر(ئیفرازی٤) بەشی هەرەزۆری ئەم بیرە ئیرتوازیانە دادەخرێت، ئەمەش پڕۆژەیەکی ستراتیژی زۆر گرنگە بۆ رزگارکرنی شاری هەولێر لە کەمئاوی، لەوەش گرنگتر هێشتنەوەی ئاوی ژێر زەوی و بەرزبوونەوەی ئاستەکەی لەساڵانی داهاتوو.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

بودجە کارەکانیان سستبووە، تەنانەت لە شێلتەری هەولێر کە تایبەتە بە کۆکردنەوە و خەساندنی سەگی بێلانە دۆخەکە باش نیە و جێگای نیگەرانی و گلەیی ڕێکخراوەکانی ئاژەڵدۆستیە. جگە لەم ئەرکەیان تیمەکانی سەر بەم بەڕێوەبەرایەتیە هەڵدەستن بە چاودێری تەندروستی مەڕومالآت بەتایبەت لەکاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی وەک کوتان و پێدانی چارەسەر و ڕێنوێنی کردنی ئاژەڵداران.

دوازدەهەم/ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی شارەوانی: بەرپرسە لەپاراستنی ژینگەی سیمای شارەکان لەڕووی بینا و باڵاخانە یان هەر زیادەڕۆییەکی سەر موڵکی گشتی کە زیان بەژینگەی سیما (بینین) دەگەیەنێ. لەڕاستیدا ئەم بەڕێوەبەرایەتیە سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە بەڵام فەرمان لە قائیمقامیەت وەردەگرێت، ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لەسنوری هەموو قەزا و ناحیەکان هەیە. بەگشتی کاریان نەهێشتنی زێدەڕۆییەکانە.

سێزدەهەم/ پۆلیسی دارستان و ژینگەی هەولێر: سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە بەڵام لەڕووی کاروچالاکی هەماهەنگی لەگەڵ (فەرمانگەی ژینگەی هەولێر) و (بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوانی هەولێر) دەکەن. ئەرکیان بریتیە لە پاراستنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی و سەرچاوە ئاویە سروشتیەکان و سامانی ماسی و هەروەها دارستانە سروشتی و دەستکردەکان. ئەوان بەشێوەی مەیدانی لەسنوری کارەکانیان ئامادەن و بارەگا و خاڵی پشکنین و تیمی گەڕۆکیان هەیە، سەرپێچیکاران و دەستدرێژکارانی سەر ژینگە دەستگیردەکەن و ڕووبەڕووی یاسایان دەکەنەوە. ئەم بەریوەبەرایەتیە لە ئەرک و چالاکیان ئەکتیڤ و بەردەوامن.

چواردەهە/ فەرماندەی(٥١)ی ژینگەی: سەر بەیەکەی (٨٠)ی وەزارەتی پێشمەرگەیە، ئەرکیان پاراستنی ژینگە و هەماهەنگی و هاوکاریە لەگەڵ لایەنەکانی تری پەیوەندیدار بەژینگە. سنوری کارکردنیان دەرەوەی شارەکان و ناوچە شاخاویەکانە و بارەگا و خاڵی تایبەتیان لەم ناوچانەدا هەیە.

پازدەهەم/ بەشی زانستی ژینگە و تەندروستی- کۆلێژی زانست/ ز.سلاحەددین: لەڕووی توێژینەوەی زانستی هاوکار و هەماهەنگن لەگەڵ دامودەزگا فەرمیەکانی تایبەت بەژینگە لە حکومەت، سەرەڕای پێگەیاندنی دەرچووانی ئەم بەشە کە دەکرێ وەک کەسانی تایبەتمەند و پسپۆر لەم بوارەدا لە داهاتوو سوودی زۆریان لێ وەربگیرێت.

شازدەهەم/ بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر- بەشی ژینگە و تەندروستی: کاریان بریتیە لەهۆشیاری ژینگەیی لە ناوەندەکانی خوێندن و پەروەردە، هەروەها پاراستنی ژینگەی قوتابخانەکان، جگە لە هەماهەنگیان لەگەڵ لایەنە ژینگەییەکان[1].

## کۆتایی

دوابەداوی کۆتایی هاتنی بابەتی توێژینەوەکەمان گرنگترین ئەو دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی، کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە بەو شیوەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

**یەکەم- دەرەنجام**

1- مەترسیە ژینگەییەکان و ئالەنگاریەکانی گۆڕانی ئاو و هەوا دیاردەیەکی جیهانیە و ڕێگری لێکردنی بەشێوەیەکی تەواو مەحاڵە، بۆ سنوردارکردنی زۆربەی ئەو مەترسیانەش هەماهەنگی نێوان وڵاتان پێویستە، بەڵام لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان دەوڵەت نیە ناتوانێ سوود لەهەماهەنگی و هاوکاری نێودەوڵەتیەکان ببینێ بۆ

(1) پەیوەندی تلفونی و وەرگرتنی لێدوان لە (م.لقمان سعید ) بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر. ڕۆژی (٢٠٢٥/٦/٢٦).

پرسەکانی ژینگە و گۆڕانی ئاو و هەوا، بەڵکو دەبێ چاوەڕێی بەرنامە و پلانی حکومەتی فیدراڵ بێ کە لەئاستێکی زۆر لاواز و خراپدایە و دۆخی ژینگەی عێراق بەراود ناکرێ لەگەڵ هەریمی کوردستان.

2- عێراق یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لەسەر ئاستی جیهان زۆر بە خەستی دووچاری کاریگەریەکانی گۆرانی کەشوهەوا و مەترسیە ژینگەییەکان بۆتەوە بەتایەبتی بەهۆی سیاسەتی ئاوی وڵاتانی تورکیا و ئێران.

3- هەرچی هەرێمی کوردستانە لەڕووی بوونی دامودەزگاکانی پەیوەندیدار بەبواری ژینگە لە ئاستێکی باش دایە. بەلام تێگەیشتن بۆ پرسی ژینگە و مامەڵەکردن لەگەڵیان وەک پرسیکی ئاسایشی لەسەرەتا دایە، بۆ نمونە لەکابینەی 9 ی حکومەتی هەریمی کوردستان سەرەتای پیادەکردنی سیاسیەتی ئاوی هەریمی کوردستان بەدیکراو، دەبینین سەرەڕای ئەو دۆخە خراپەی دارایی تێدایە بەڵام ژمارەیەکی بەرچاو بەنداو و پۆند و پڕۆژەی ئاوی ستراتیژی دروستکران. دیارترینیان بریتیە لە پڕۆژەی ئاوی فریاگوزاری هەولێر و پرۆژەی تری هاوشێوە لە گوندەکان و داخستنی بیرە ئیرتوازیەکان.

4- قەیرانی دارایی و نەبوونی بودجەی پێویست کە لەم 10 ساڵەی دواییی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەو ناکۆکی و گرژیانەی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی هەیەتی گەورەترین کێشەی بۆ هەموو کاروبەرنامەکانی حکومەت دروست کردووە. ئەمەش بۆتە ڕێگر لەبەردەم دارشتن و جێبەجێکردنی پلان و ستراتیجێکی دروست بۆ مامەڵەکردن و سنوردارکدنی گرفتە ژینگەییەکان لەئێستاو داهاتوو.

5- بەهۆی ئەو دۆخە خراپەی ژینگە کە لەناوەراست و باشوری عێراق لەئارادایە هەرێمی کوردستان لەبەردەم ئەگەری شەپۆلی کۆچێکی فراوانی ژینگەییە، کۆچێک کە یاساییە بەڵام ژمارەیەک ڕەهەندی ساسی و نەتەوەیی و مەزهەبی زۆر مەترسیداری لەهەناویدا هەڵگرتووە لەگەڵ ئەوەش ئەستەمە ڕێگای لێ بگیرێ.

دووەم- ڕاسپاردە

1- بەپێی ئەوەی (ئاو) ڕەگەزێکی گرنگی ژینگەیە و سەرچاوەیەکی سەرەکی ژیانی مرۆڤە، لەهەمان کاتدا کارتێکی گرنگی هێزی سیاسی و ئابوری دەوڵەتە، بۆیە زۆر پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاربکات بۆ دارِشتن و پیادەکردنی سیاسەتێکی تۆکمە و درێژخایەنی ئاو بەتایبەت لەڕووی بەرێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو، چونکە هەرێمی کوردستان خاوەنی دەرامەتی ئاوی باشە بەڵام پێویستی بە بەڕێوەبردنێکی تۆکمە و سەرکەوتوو هەیە.

2- سوودوەرگرتن لەئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتووی دونیا بۆ پاکردنەوەی ژینگەی ناوخۆیی، ئەویش لەڕێگای پشتبەستن بە وزەی پاک و زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی کە سەرچاوەی ژینگەی پاک و تەندروستە. ئەمەش کارێکی ئەستەم نیە، بۆنمونە وڵاتی چین خەریکە بەسەدان کیلۆمەتر لەجەرگەی بیابان بەتەکنیکی سەردەمیانە سەوزدەکات، ئیتر بۆ ناکرێ ئێمە بەلایەنی کەمەوە ناوەندی شارەکانمان پێ سەوزبکرێت.

3- هەوڵی جدی بدرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاک و کۆمەڵگا ئەویش بە پیادەکردنی نەرمترین شێواز و ڕیگا تادەگات بەدارِشتنی یاسای توند و سزای دارایی زۆر، ئەویش لەپێناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێم و ژینگە و مرۆڤایەتی.

## لیستی سەرچاوەکان

*سەرچاوە کوردیەکان:

یەکەم/ کتێب:-

1- پ.د.ئازاد محەمەدئەمین نەقشبەندی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی، هەولێر، ٢٠٢١.
2- پ.د.ئازاد محەمەدئەمین کاکەشێخ نەقشبەندی، جوگرافیای ژینگە، لەسەر ئەرکی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٧.
3- پ.ی.د.ئەیوب ئەنوەر سماقەیی، ئابوری ژینگە، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، ٢٠١٩.
4- پ.د.فرهاد حسن عزیز، ژینگەی و پیسبوونی ژینگە، ئەرک و چاپ: زانکۆی سلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٧.
5- پ.ی.د.لطیف حاجی دارتاش، ژینگەی ڕووەک، چاپی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
6- د.موحەمەد مەحمود سولەیمان، جوگرافیا و ژینگە، و:ئاسۆ وەهاب & ڕزگار فایەق، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی بەختیاری، باشوری کوردستان، ٢٠١٣.
7- د.نەجمەددین نێروەیی، زانستێن ژینگەهێ- بەشێ ئێکێ، پەرتوکخانا بەدرخانیا، دهۆک، ٢٠٢٢.
8- د.هاوڕێ یاسین محمدامین، جوگرافیای ژیواری و ژینگەیی و کارەساتە ژینگەییەکان، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٢٢.
9- تیم دانی & میلجا کورکی، تیۆری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان تایبەتمەندی و فرەرەهەندی، و:هێمن شەوکەت، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٩.
10- کۆمەڵێک نوسەر، تیۆری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، و:شەوقی حوسێن، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتیبفرۆشی مێخەک، ٢٠١٩.
11- د.سەنگەر مشیر، سەرەتایەک لەبارەی فکر و فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخەوە، چاپی دووەم، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٢١.
12- د.ئەیوب سابیر گەلاڵی، قەیرانی ئاو شەڕێک لەبەر دەرگامان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٢٠.
13- هیوا ڕەشید، پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکان لە هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتیبخانەی تەبایی، هەولێر،٢٠٢٣.
14- د.هیوا ڕەشید علی & پ.د.سەنگەرداود محمد، ڕۆڵی یاسا لە پاراستنی ژینگە لە مەترسیەکانی پرۆژە نەوتیەکان، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی، هەولێر، ٢٠٢٣.
15- بیتوێن سەعید محەمەد، زەوی لە مەترسی دایە، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، ٢٠٢٠.
16- سەردار عبدالرحمن ابراهیم، گۆڕانکاریە ئاو و هەواییەکان کاریگەریان لەسەر ژینگە، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆفیا، کۆیە، ٢٠٢١.

17- سەردار عەبدولڕەحمان، مەترسیە ژینگەییەکان، چاپی یەکەم، بەرهەمی پڕۆژەی ئاگا، ٢٠٢٤.

18- سەردار عەبدولڕەحمان، بنەماکانی پاراستنی ژینگە، چاپی یەکەم، ناوەندی سارا، سلێمانی،٢٠٢٠.

19- ئاشتی محەمەد سالح حەسەن قوڵچی، ژینگە و هۆکارەکانی پیسبوون لە هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٢٥.

دووەم/ یاسا:-

یاسای چاککردن و پاراستنی ژینگە ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٨)، وێبسایتی پەرلەمانی کوردستان.

سێیەم/ گۆڤاری زانستی:-

1- پ.ی.د.صالح عمر عیسی & د.پەروێز رحیم قادر، شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی هەرێمی کوردستا- عیراق لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لەدوای 2017، گۆڤاری قەڵای زانست، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، بەرگی (٦)، ژمارە (٣)، هاوینی (٢٠٢١).

2- بەردیا ڕەوغەنی & محەمەد فرشتەپور، هایدرۆپۆلەتیکی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنوربڕەکان بەرەو هاوکاری کردەیی، و:موجاهید وهاب، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلیمانی، ژمارە (١١)، ساڵی (٢٠١١).

3- عەبدولموتەلیب ڕەفعەت سەرحەت، دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلیمانی، ژمارە (١١)، ساڵی (٢٠١١).

4- خالد سلێمان، گۆڕانی کەش لە کوردستان: ئالەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوە، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلیمانی، ژمارە (١١)، ساڵی (٢٠١١).

5- پ.ی.د. خلیل کەریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی سیاسەتی ئاوی هاوسیکان و بێباکی هەرێم دا، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلیمانی، ژمارە (١١)، ساڵی (٢٠١١).

6- سەفا خەلەف، قەیرانی ئاو و گۆڕانی کەش و هەوای عیراق هۆکاری کۆچ و ناکۆکی نێوخۆیی، و: بارام سوبحی، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلیمانی، ژمارە (١١)، ساڵی (٢٠١١).

چوارەم/ بڵاوکراوە:-

1- ئەتڵەسی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان- عیراق، لەلایەن دەزگای گشتی کاروباری مین دەرکراوە، ٢٠٢٢.

پێنجەم/منهجی خوێندن:-

1- پ.ی.د.پەروێز ڕەحیم قادر، ئاسایشی نەتەوەیی پاش جەنگی سارد و قوتابخانە نوێیە ئاسایشیەکان (وانەکانی کۆرسی خوێندنی ماستەر٢٠٢٣-٢٠٢٤).

شەشەم/ وەرگرتنی لێدوان وچاوپێکەوتنەکانی توێژەر:-

1. چاوپێکەوتن لەگەڵ (علی محمدامین میران) بەڕێوەبەری گشتی کاروباری هونەری لە دەزگای گشتی کاروباری مین، ڕۆژی (٢٠٢٥/٦/٢٥).

2. وەرگرتنی لێدوان لە (سەروەر وەیسی) بەرپرسی بەشی هۆشیاری و ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارک و باخچەکانی هەولێر، ڕۆژی (٢٠٢٥/٦/٢٩).

3. وەرگرتنی زانیاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێم، ڕۆژی (٢٠٢٥/٦/١٦).

4. چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئاسۆ شکاک) سەرۆکی ڕێکخراوی ئاڤیاری هۆشیاری ژینگەیی، ڕۆژی (٢٠٢٥/٤/١٦).

5. وەرگرتنی لێدوان لە (م.لقمان) بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر، ڕۆژی (٢٠٢٥/٦/٢٦).

6. سەردان و چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئازاد نوری عوڵا) بەڕێوەبەری کاروباری هونەری لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، (2025/2/18).

حەفتەم/ سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان:-

1. د.بەنگین مەسیح ئاودەل، مەترسیە ژینگەییەکان لە هەریمی کوردستان،ماڵپەڕی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ڕووداو، ڕۆژی بڵاوکردنەوە (٢٠٢٢/١/٢)، https://rudawrc.net/sorani/article/metrsyie-jingeyiekan-le-heremi-kwrdstan ڕۆژی سەردان (٢٠٢٥/٢/١٨).

2. د.پەروێز رەحیم قادر، ١٠ مەترسی سەرەکی بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٢٣) دا، ماڵپەڕی خانەی هزری کوردستان، ڕۆژی بڵاوکردنەوە (٢٠٢٣/١/٣٠).
https://www.penus.krd/archive/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/2063-2023-01-30-15-33-44
ڕۆژی سەردان (٢٠٢٥/٥/١٢).

3. قوباد تاڵەبانی، مەترسیە ژینگەییەکان بەگشتی و خۆڵبارین بەتایبەتی، هەژماری کەسی خۆی لە تۆڕی ئینستاگرام، / https://www.instagram.com/accounts/login ، ڕۆژی سەردان (٢٠٢٥/٣/٩).

4. د.سەرمەد لەتیف، پسپۆر لە ئاسایشی ئاو، بەرنامەی تەلەفزیۆنی knn،
https://www.facebook.com/share/v/16ssnWjQtG/?mibextid=wwXIfr ، ڕۆژی سەردان (٢٠٢٥/٦/١٢).

5. نەرمین عوسمان، مەترسیدارترین کێشە ژینگەییەکان، ماڵپەڕی ئاژانسی هەواڵی ژن (ژینها)، ڕۆژی بڵاوکردنەوە (٢٠٢٤/٨/١١)، https://jinhaagency.com/so/nwwsr/fg-44468

6. ماڵپەڕی کوردیو، ڕێکخراوە ژینگەییەکان هۆشداری لە پیسی هەوای هەولێر دەدەن، ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، ڕۆژی بڵاوکردنەوە (٢٠٢٤/٧/٢١)، https://www.kurdiu.org/ku/b/557096 ، ڕۆژی سەردان (٢٠٢٥/٢/١٨).

7. ماڵپەڕی شارپرێس، نیوەی دارستانەکانی هەرێم لەناوچوون و هۆشداری لە کارەساتی ژینگەیی دەدرێت، ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، ڕۆژی بڵاوکردنەوە (٢٠٢٣/١٢/١)،
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=221919 ، ڕۆژی سەردان (٢٠٢٥/٤/٣٠).

*سەرچاوە عەرەبیەکان:-

1. الدكتور نجدت صبرى ئاكرەيى، الاطار القانوني للأمن القومي- دراسة تحليلية، الطبعة الأولى، دار دجلة، الأردن/عمان، (٢٠١١).

2. جميل قاسم عبدالله برواري، البيئة و خيارات المستقبل، الطبعة الأولى، برعاية دارة صحة محافظة دهوك، دهوك.

# (التحديات البيئية و قدرة مؤسسات إقليم كردستان على معالجتها)

| |
|---|
| نياز جلال حمد |
| القسم الأنظمة السياسية والسياسات العامة،الكلية العلوم السياسية ،الجامعة صلاح الدين- أربيل ، إقليم كردستان/العراق |
| البريد الالكتروني: nyaz.hamad@su.edu.krd |
| أ. م. د. شمال حسين مصطفى |
| القسم الأنظمة السياسية والسياسات العامة،الكلية العلوم السياسية ،الجامعة صلاح الدين- أربيل ، إقليم كردستان/العراق |
| البريد الالكتروني: shamal.mustafa@su.edu.krd |

## ملخص

تحاول هذه الدراسة ان تُقيّم دور إقليم كردستان في مواجهة التحديات البيئية، باعتبارها قضية سياسية وإنسانية محورية. بالتركيز على سياسات حكومة إقليم كردستان ومبادراتها، وتُسلّط الدراسة الضوء على الجهود المبذولة لتحسين الظروف البيئية والتخفيف من حدة الأزمات، لا سيما تلك التي لم تُؤخذ على محمل الجد أو أُغفِلَت. ومن خلال تحليل أهمية حماية البيئة، تستكشف الدراسة أسباب وكيفية إعطاء الأولوية للحلول المستدامة لضمان الأمن البشري والسياسي والاجتماعي في الإقليم.

الكلمات المفتاحية:(تغير المناخ، إقليم كردستان، الاستراتيجية، المخاطر البيئية).

# Environmental challenges and the ability of Kurdistan Regional Institutions to face them

| |
|---|
| Nyaz Jalal Hamad |
| Department of Political Systems and Public Policies, College of Political Science, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region/Iraq |
| Email: nyaz.hamad@su.edu.krd |
| Shamall Hussein Mustafa |
| Department of Political Systems and Public Policies, College of Political Science, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region/Iraq |
| Email: shamal.mustafa@su.edu.krd |

## ABSTRACT

**This study examines and evaluates the role of the Kurdistan Region in addressing environmental challenges as a crucial political and humanitarian issue. Focusing on the Kurdistan Regional Government's (KRG) policies and strategic initiatives, the research highlights efforts to improve environmental conditions and mitigate crises—particularly those that have been underemphasized or overlooked. By analyzing the significance of environmental protection, the study explores why and how sustainable solutions must be prioritized to ensure human, political, and social security in the region.**

**Keywords: (climate change, Kurdistan Region, strategy, environmental risks).**